https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.249
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گرفتە زمانییەکان پەیوەست بە پێڕەوکردنی سیاسەتی دەستتێوەردان لە زمان دا

م.ی.شیلان ئەحمەد ئیسماعیل
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان
E-mail:shelan.ahmed@uoh.edu.iq

پ.د.بکر عومەر عەلی
زانکۆی سلێمانی /کۆلێژی زمان -بەشی کوردی
E-mail:bakir.ali@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئـەم توێژینەوەیـە ئـەوە ئەخاتـەڕوو، کـە سـەرەڕای هەبوونـی دەسـتتێوەردان لـە جۆری(بەفەرمیکـردن)، یـان (بـە سـتاندارکردن)، لـە نـاو یاسـا و نەریتەکانـی زمانـی سـتانداردا پەیوەسـت بـە پاپەندبـوون و ڕێککەوتنـە زمانییـەکان، هەمیشـە زمانێکـی سـتانداردی پڕاوپـڕ و بـێ کەموکورتیـی لـە ئـارادا نییـە ، گرفتـە زمانییـەکان چ بـە درووسـتەی دەرەوەی زمـان بێـت (دیـاردەی فرەجۆریـی زمانیـی)، یـان بـە درووسـتەی نـاوەوەی زمـان پەیوەسـت بێت(ئاسـتەکانی زمـان: بـە تایبەتیـی ئاسـتی دەربڕیـن ،فۆنەتیـك و فۆنۆلۆژیـی)، ئەبێـت مامەڵەیەکـی زانسـتییانەیان لەگەڵـدا بکرێـت و، بکرێـن بـە بابەتـی توێژینـەوەی زانسـتیی و پلانـی زمانیـی و سیاسـەتی زمانیـی تۆکمـەی بـۆ دابڕێژرێـت، چونکـە پێویسـتمان بـە ڕێکخسـتنەوەی زمانـە لـە نـاو کۆمەڵـگای کوردیـی دا، نـەك بـە تەنهـا جێبەجێکردنـی پێـواژۆی بەسـتاندارکردن لـە زمانـی کوردیـی دا، دەسـتێوەردانە سیاسـییەکان نابێـت بـبن بـە بنەمـای نایەکسـانیی و نادادپەروەریـی زمانیـی، واتـە دانپێدانـان لـە سـنووری جوگرافیـی دەوڵەتـدا بـە جۆراوجۆریـی زمانیـی و دەسـتەبەرکردنی مافـی یەکسـانیی لـە نێـوان زمانـەکان و جـۆرە جیاوازەکانـی زمانـەکان، نیشـانە و ئـەدگاری کەلتـووری فرەجۆرییـە لـە دەوڵەتـدا. چەنـد جۆرێـك پێـواژۆ و مۆدێلـی پلانـی زمانیـی ئەبـن بـە بنەمـای چارەسـەرکردنی گرفتـە زمانییـەکان، چونکـە تاکـە مۆدێلێك بارودۆخـی زمانـی کوردیـی چارەسـەر نـاکات ،جێبەجێکردنـی پلانـە زمانییـەکان بـە گشـتیی بـە ئامانجـی ڕێکخسـتنەوەی جۆراجۆریـی زمانییـە لـە ئاسـتەکانی زمـان و بـە تایبەتیـی لـە ئاسـتی دەربڕیـن.

**کلیلـە وشـەکان : دادپەروەریـی زمانیـی، یەکسـانیی زمانیـی، دەسـتێوەردانە زمانییـەکان، سیاسـەتی زمانیـی، پلانـی زمانیـی، پێـواژۆی بەسـتاندارکردن .**

Recieved: 19/2/2023
Accepted: 19/3/2023


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

سیاسەت ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك پێواژۆ، کە رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان ئەگرێتەوە ، بە هۆیەوە کۆتایی بە ململانێی لە نێوان بەرژەوەندی کۆمەڵەکان ئەهێنرێت، سیاسەت ئەو دەسەڵاتەیە کە زمان پشتی پێ ئەبەستێت، زمانیش پەیوەست بە سیاسەتەوە دەسەڵاتێکی شاراوەیە، بە ڕوونیی لەم لە نێوانەدا پەیوەندیی لە نێوان زمان و سیاسەت، گرنگیی سیاسەتی زمانیی دەردەکەوێت، ئەم کار و هەوڵە زانستییانە ئەچنە چوارچێوەی زانستێك پێی ئەوترێت زانستی سیاسەتی زمانیی، ئەم زانستە لە ئێستادا لە زانستیی زمانی کۆمەڵایەتیی خۆی جیاکردۆتەوە، گرنگیی بە زمان ئەدات لە ناو کۆمەڵگادا، بە تەنها پەیوەست نییە بە زمانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە لایەنی کەلتووریی و ئایینیی......تاد، واتە پەیوەستە بە ناسنامەی نەتەوەیی. توێژەر چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لەچوارچێوەی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانییدا دەخاتەڕوو، تیۆرییەکانی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی چەندین بنەمای سیاسیی و ئابووریی و کەلتووریی وئایدۆلۆژیی جڵەوی ئەگرێت، لەبەر ئەوەی بابەتەکان و پێدراوە زانستییەکانی لەبوارە زانستییەکانی ترەوە وەرئەگرێت وەك زانستیی زمانی سایکۆلۆژیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی، ئەبێت هەڵاوێرکردنە زمانییەکان لەناو ژینگەی کۆمەڵگای کوردیی خۆیدا بە کارەکیی جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی گریمانەکان چێوەیەکی زانستییانە وەربگرن لە ئەم توێژینەوەیەدا، ئەکرێت گریمانەکان لەشێوەی پرسیار بخرێنەڕوو، ئایا لە چێوەی تێڕوانینێکی فەلسەفییانەدا، چۆن باس لە ئەو گرفتە زمانییانە بکەین کە پێوەندییان بە درووستەی دەرەوەی زمان هەیە، وەك گرفتەکانی نادادپەروەریی- نایەکسانییی زمانیی لە ژینگەیەکی زمانیی فرە و جۆراوجۆردا؟ ئایا پێواژۆی بە ستانداردکردنی زمانیی ئەبێت بە گرفت لەبەردەم جۆراوجۆرییە زمانییەکانی وەك فرە زمانیی و فرە دیالێکتی لە زمانی کوردیی دا؟ ئایا زمانی ستاندارد ژینگەیەکی نادادپەروەریی و نایەکسانییی زمانیی درووست ئەکات؟ پەیوەست بەو گرفتانەی، کە پێوەندیی بە درووستەی ناوەوەی زمان(ئاستەکانی زمان : بە تایبەت ئاستی دەربڕین)، یان درووستەی دەرەوەی زمان هەیە، پیویستمان بە ڕێکخستنەوەی زمانە لە ناوکۆمەڵگەدا ، واتە سیاسەتی زمانیی پێویستی بە ژینگە و دەوروبەرێکە کە پێکهاتبێت لە پەیوەندییە زمانیی و نازمانییەکان، بە تایبەتیی ئەو گرفتانەی کە پەیوەندییان بە جۆراوجۆرییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، وەك دیاردەکانی فرەزمانیی، جووت زمانیی و دوودیوی زمانیی، هەروەها جۆراوجۆرییە زمانییەکان، بە تایبەت جۆراوجۆریی دەنگیی، ئەم دوو تیۆرییە مەبەستی سەرەکییان ڕێکخستنی زمانە لەناو کۆمەڵگەدا، نەک ڕەتکردنەوەی جۆراوجۆرییە زمانییەکان. پێوەندیی نێوان سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی پەیوەندییەکی تەواوکارانەیە، پێکەوە گرفتە زمانییەکان لە نیوکۆمەڵگەی کوردیی دا چارەسەر ئەکەن. لە ئێستادا ژینگەی زمانیی، بەحوکمی سیاسەتی ناودەوڵەتی(Internationalization)دەستێوەردانە کەلتوورییەکان و کێبڕکێی زانستیی و ئابوورییەکان، ژینگەیەکی فرەزمانییە، لە ئەنجامی ئەو جۆراوجۆرییەی لە ئاستەکانی زماندا ڕووئەدات، لە بەرفراوانیی بابەت و کەرەستەکانی توێژینەوەکە، گریمانەکان پەیوەست بە جۆراوجۆرییە دەنگییەکان لەئاستی فەرهەنگ دا، لەزمانی کوردیی دا تاقیئەکرێنەوە.

### ١-دادپەروەریی زمانیی١* و یەکسانی زمانیی:

ئەو گفتوگۆیانەی، لە بارەی چەمکی دەوڵەت لە ئارادایە، هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی (دادپەروەریی زمانیی) لەسەر ئاستی تاکدا نەمێنێتەوە، بەڵکو فراوانبکرێت بۆ ئەوەی ئاستی کۆمەڵگەرایی بگرێتەوە، واتە

١- *هەرچەندە چەمکی دادپەروەریی زمانیی(linguistice justice)، زیاتر لەکۆمەڵگای مەغریبیی دا (بەتایبەت لە جەزائیر ومەغریب دا) بووە بە بابەتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانەکان، بەڵام هاوشێوەی ئەم بارودۆخە لەکۆمەڵگەی عێراقیی دا بەرچاو ئەکەوێت، چونکە (تاك ) لەکۆمەڵگەی عیراقیی دا گرفتی ململانێی ناسنامەیی هەیە و هەروەها ئەم ناوچەیە کۆمەڵێك ئاڵۆزی زمانیی و نەژادیی تیادا بەدی ئەکرێت، کەپەیوەستن بە دیاردەی فرەزمانییەوە (شمدین، محمد، ٢٠١٤، ٣).

دادپەروەریی زمانیی مامەڵەکردنە لەگەڵ هەر تاکێك یان کۆمەڵێك لەسەر بنەمای یەکسانیی/هاوتایی زمانیی(linguistic equality)، زمان بەشێکی گرنگە لە مافی کەسیی تاك، یان کۆمەڵەکان/چڤاتەکان، کە بە ڕێگەی یاساوە دەستەبەر ئەکرێت، دادپەروەریی زمانیی، میکانیزمێکە، یان هەوڵێکە بۆ دادپەروەریی لە نێوان زمانەکان(شمدین، محمد، ٢٠١٤، ٣). تا ئێستا کە باسی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی ئەکرێت، لە چوارچێوەی زانستیی زمانی کۆمەڵایەتییدا خراوەتەڕوو، لێرەدا هەوڵدراوە لە چوارچێوەی زانستیی زمانیی سیاسییدا، لێکدانەوە بۆ چەمکی دادپەروەریی زمانیی بکرێت، لەپاڵ ئەم چەمکەدا، چەمکەکانی وەک، هاووڵاتیبوونی زمانیی، لێبوردەیی٢* زمانیی، مافی زمانیی٣*، پلانی زمانیی، سیاسەتی زمانیی لە بوارەکانی تردا وەک زانستیی زمانی یاسایی و کەلتووری فرەیانە بەرچاو ئەکەوێت (عزوز، أحمد-خاین، محمد، ٢٠١٤، ٩ )، توێژەر بۆ پشتگیریکردن لە گریمانەی توێژینەوەکە سوود لە خستنەڕووی ئەم چەمکانە وەرئەگرێت. هاووڵاتیبوونی زمانیی، دابەشبوونی کەلتووریی و زمانیی تاکەکانە لە کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای دانپێدانانە بە ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیان و هەروەها لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کەلتووریی- زمانیی لە لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییەکانیدا(حنون، مبارک، ١٩٩٩، ١٢). یەکەم فەیلەسوف لە بواری فەلسەفەی سیاسییدا فیلیپ ڤان پاریس(p.vanparijs)٤*بووە، کە زاراوەی دادپەروەریی زمانیی بەکارهێناوە، بنەماکانی بریتییە لە دانپێدانان لە سنووری دەوڵەتدا، بە جۆراوجۆریی زمانیی ویەکسانی لە نێوان زمانەکان، دانپێدانان بە مافی ڕەوای کۆمەڵە زمانییەکان بە تایبەتی لە بەکارهێنانی زمانەکەیان لە سنووری هەرێمەکەی خۆیاندا (عزوز، أحمد- خاین، محمد، ٢٠١٤، ١٧-١٨). بۆ ئەوەی پاشخانی فەلسەفی چەمکی دادپەروەریی زمانیی بخەینەڕوو، دەکرێت باس لە کۆمەڵێك دیاردە بکەین، چونکە هەموو ڕووداوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، کە هۆکارن بۆسەرهەڵدانی دادپەروەریی زمانیی، بەپێی ڕیزبەندیی مێژوویی لێرەدا ناتوانین سەرجەمی بخەینەڕوو، بە گشتی لەپاش ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە هاوکاتبوون لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکەوەلکێنراو(متجانس) لە قۆناغی دوای داگیرکاریی، (دەوڵەتی نەتەوەیی ڕێگەی دەدا بە یەک جۆر بیرکردنەوە، یەک جۆر زمان، یەک جۆر نەژاد، ئەم کارە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە ئەنجام دەدرێت( وەک فەرەنسا)، بەڵام لە ئێستادا بۆچوونە نوێیاوەکان دەربارەی دەوڵەت، لە گەڵ پەسەندکردنی دیاردەی فرە زمانیی وفرە جۆری زمانییدان)(ویل، کیملیکا، ٢٠١١، ٢٠)، بارودۆخێکی نالێبووردەیی زمانیی دەبینرێت، هەربۆیە لە ئەم کاتەدا گرنگیی بەچەمکی دادپەروەریی زمانیی دراوە، بەپێی تێڕوانینی دیموکراسیانەی فرەیی، کە

---

٢- * لێبوردەیی(toleration) ،بریتییە لە بیرۆکەی پێکەوە ژیان و ئاسانکاریکردن لە مامەڵە وهەڵسوکەوتکردن لە گەڵ بەرانبەردا، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا (ئاماژەیە بۆ هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیەکی ئارامگرانە و دوورکەوتنەوە لە دەمارگیریی و حوکم و بڕیاردانی ناڕەوا دەربارەی هەڵسوکەوتی کەسانی تر)، لە فەرهەنگی لالاندا (ئامادەکارییەکی عەقلییە بۆ پیڕەوکردنی ئەو یاسایانەی کە ڕێگە ئەدات بە ئازادیی لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی هەر تاکێك، تەنانەت ئەگەر بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی بەرانبەریش بێت)(محمد امین،پشتیوان حمە سعید،٢٠٢١، ١٥٣).

٣- * دەربارەی مافە زمانییەکان (الحقوق اللغوية) ،ئەبێت جیاکاریی بکرێت لە نێوان مافی کەسیی، کە پەیوەندیی هەیە بە تاکەوە، هەروەها مافی کۆمەڵەکان، کە مەبەست لێیان کۆمەڵە ئەتنیی(ڕەگەزیی) و نەتەوەییەکانە کە لە چێوەی یەك دەوڵەتدا پێکەوە ئەژین، زۆربەی پسپۆرانی بواری یاسایی و زمانیی گرفتی ئەوەیان هەیە، کە ناتوانن بابەتی مافە زمانییەکان و دەستەبەرکردنی مافە زمانییەکان وەك پسپۆرییەکی سەربەخۆ سەیربکرێن و بڕن بە لقێکی سەربەخۆ، لە پسپۆرییە یاسایی و سیاسییەکان جیابکرێنەوە، بەڵکو تا ئێستاش لە چوارچێوەی چەند یاساو دەستورێکدا گرفتە زمانییەکان چارەسەر ئەکرێن، لەئەم بارەییەوە بە تەنها مافی کەمینەکان، مافە زمانییەکانی کەمینەکان دەگرێتەوە(عزوز.احمد،٢٠١٤، ١٤).

٤- * توێژەری فەرەنسیی باتریك سافیدان لە کتێبەکەیدا(٢٠٠٩,multiculturasime) ئاماژە بە چەمکی دادپەروەریی زمانیی ئەدات لای فلیب ڤان پاریس (philippe van parijs) ،لە ئەو کتێبەی کە وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبیی، بڕوانە (سافیدان باتریك ،٢٠١١، ٦٢). ئەم تیۆرییە چەند بنەمایەك لە زماندا ئەچەسپێنێت: یەکەم، دانپێدانان بە جۆراجۆریی زمانیی لە نێو سنووری دەوڵەتدا، بە ئامانجی یەکسانی نێوان زمانەکان. دووەم ،بوونی زمانێکی هاوبەش بە مەبەستی ئاسانکردنی پرۆسەی لێکگەیشتن لە نێوان هاووڵاتیان کە ڤان پاریس بە زمانێکی نێوەندیی ناوی ئەبات. سێیەم ،لە سەر بنەمای لێبووردەیی زمانیی، دانپێدانان بە مافی هەموو کۆمەڵە زمانییەکان لە بەکارهێنانی زمانەکەیان لە ناو سنووری هەرێمەکەی خۆیاندا(عزوز،احمد،٢٠١٤ ،١٨).

جۆراوجۆریی(التنوع)، وەک شێوازی بیرکردنەوە و ژیانکردن لەزماندا پەسەند دەکات(مجید، حسام الدین علی، ٢٠١٠، ١٥٣).

چەمکی ( دادپەروەریی زمانیی) دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پاش مۆدێرنە/نوێباو، واتە گواستنەوەی دەوڵەتی مۆدێرنە/نوێباو، کە لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە دروستبووە، بۆ بارودۆخێکی هاونیشتیمانی فرەییانە( المواطنة المتعدده)(شمدین، محمد، ٢٠١٤، ٤). لەقۆناغی بونیاتنانی دەوڵەت دا بەتایبەت دوای قۆناغی داگیرکاریی، زمانێکی نەتەوەیی/نیشتیمانی لەبری زمانی داگیرکەران لەکۆمەڵگادا سەپێنرا و کرایە بنەمایەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، ئەم زمانە لەسەر بنەمای زۆرینەی زمانیی هەڵبژێردرا، چونکە دەستەی دەسەڵاتدار پێیانوایە، کە بەکارهێنانی زمانی زۆرینەی دانیشتوانی دەوڵەت، زیاتر یەکگرتن و پێکەوە بوونی دەوڵەت دەستەبەر دەکات، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر بنەمای ناوەندێتی(Centralism) دروستبووە، ئەم بارودۆخە ململانێ و کێبرکێی زمانیی دروستکردووە لە نێوان زمانی هەڵاوێرکراو و زمانە لۆکاڵەکانی دیکەدا (شمدین، محمد، ٢٠١٤، ٤).

گرنگییدان بە سیاسەتی زمانیی دادپەروەریانە لەپەرەسەندندایە، کە بریتییە لەسیاسەتی زمانیی فرەیی-دادپەروەرییانە، چونکە لەناوچوونی جۆرێك لە زمانەکان(دیالێکتەکان)، یان زمانێك لە زمانەکان ئەبێت بە هۆکاری سڕینەوەی جۆراوجۆریی کەلتووری، دادپەروەریی لە دابەشکردندا(justice distributive)، بەپێی بنەماو پرنسیپەکانی تیۆری دادپەروەریی دابەشەکارانە، هەموو لایەنەکانی ژیان ئەگرێتەوە، تەنانەت زمانیش بەشێکی گرنگیی ژیان و گوزەرانی خەڵکە، دادپەروەریی زمانی- دادپەروەرییەکی دابەشکارییانە و هاوبەشییانەیە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی و پارێزگاریکردن لە یەکسانیی لە نێوان زمانەکان(بوعرفە، عبد القادر، ٢٠٠٨، ٣٦). دەستەبەرکردنی دادپەروەریی زمانیی لەکۆمەڵگای دیموکراسیدا بە شێوازێك ئەبێت، کە ئەو کۆمەڵگایە بە واقیعی لەحاڵەتی فرە زمانیدا بێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم کەلتووری دادپەروەریی فرەییە دەتوانێت یەکسانی زمانی بۆ تاک و کۆمەڵەکان دەستەبەر بکات؟ بەپێی تێڕوانینی لیبرالیانەی(جون ڕاوڵز)، لیبرالیزم دەتوانێت لە دەوڵەتدا، یەکسانی ومافەکانی هەموو هاوڵاتیانی بەدەستبهێنێت، (ڕاوڵز )بەتەنها گرنگیی بەتاك ئەدات، (ویل کیمیلکا) ئەم کەلێنە پڕەکاتەوە، پێیوایە دەکرێت یەکسانی بۆ تاك و کۆمەڵەکانیش بەدەستبهێنرێت، هەربۆیە کەلتووری فرەیی ولیبراڵیانە٥* لەهەموو دنیادا، باشترین ئامانجە بۆ بونیادنانی

٥- * لیبراڵییزم(liberalism) :لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بە واتای ئاوەزێکی کراوە(open mind) هاتووە، کە پێچەوانەی بیرکردنەوە و ئاوەزێکی داخراوە(closed mind)، بەکارهێنانی سیاسییانەی ئەم زاراوەیە لە سەدەی (١٩)دابووە، کە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا بە ئەم شێوە پێناسە کراوە: (بریتییە لە ئەو جۆرە بیرکردنەوە ئایدۆلۆژییانەی، کە گرنگیی ئەدات بە مافی مەدەنیی و سیاسیی تاکەکان، داکۆکی ئەکات لە مافی تاک و کۆمەڵەکان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئازادیی تاکەکان، وەك (ئازادیی دەربرین )، بۆیە زۆرجار بە تیۆریی ئازادیی ناو ئەبرێت. بە گشتیی لیبراڵییزم پۆلێن ئەکرێت بۆ سێ جۆر و قۆناغی سەرەکیی : ١-لیبراڵییزمی کلاسیکیی /باو/تەقلیدیی (classic liberalism) ،کە بنەماکانی بریتین لە (عەقڵانیەت، ئازادییی، تاکڕەویی)، بە هۆیەوە قۆناغی گواستنەوە لە سیستەمی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداریی جێبەجێ کرا، ئەنجامەکەیشی ڕزگارکردنی تاکە لە دەسەڵاتی دەرەبەگیی و ئاینیی، ئەم جۆرە دژی دەستێوەردانی دەوڵەت بوو لە کاروباری ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا.٢- لیبراڵییزمی کۆمەڵایەتیی/ نیو-لیبرالیزم (neo liberalism)، کە بەهۆی ئاریشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆرشی پیشەسازییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵداوە، بانگەشەی بۆ پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت ئەکرد لە داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان .٣-لیبراڵییزمی نوێ(new liberalism)، ئەم جۆرە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەوە سەریهەڵداوە، کە تۆماس فریدمان زانای ئابووریی ئەمریکایی بە خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە دائەنرێت، ئەم جۆرە وەك هەندێك لە پسپۆران پێیانوایە گەڕانەوەیە بۆ پرەنسیپەکانی لیبراڵییزمی کلاسیکیی، جەختکردنەوەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەموو دەستێوەردانێکی دەوڵەت، داوای ئازادیی رەهای بازاڕ ئەکەن. دەرەنجامی ئەم ئاڕاستە جیاوازانە، لەبیری لیبراڵییی هاوچەرخدا ژمارەیەك قوتابخانە و ئاڕاستەی جیاواز دەرکەوتوون کە ئامانجیان درووستکردنی (کۆمەڵگەی خۆشگوزەران)ە، لەوانە : ئێ-لیبراڵییزمی یەکسانییخوازیی کە بیرمەند و فەیلەسوفەکانی وەك (جۆن راولز، رۆناڵددۆرکین، ئامارتیاست....تاد) نوێنەرایەتیی ئەکەن، داوای جێبەجێکردنی جۆرێك لە یەکسانیی و دادپەروەریی ئەکەن لە بیری لیبراڵییدا. بێ-لیبراڵییزمی کۆمەڵگەرایی و فرەیی کەلتووریی، کە پێیانوایە کۆمەڵە جیاوازەکان و کەلتووره جیاوازەکان ئەبێت بنەمای کارکردنی بیری لیبراڵیی بێت نەوەك (تاك)، چونکە جەختکردنەوە لە سەر تاك وا ئەکات ماف و ئازادیی کۆمەڵەکان پشتگوێ بخرێت، لە گرنگترین بیرمەندەکانی بریتیین لە (ویل کیمیلکا، مایکل والرز، مایکل ساندل. پێ- لیبەرتاریزم، کە رۆبەرت نۆزك لە

کۆمەڵگەی دادپەروەر و گشتگیریانە، وە(زمان)یش بژاردەیەکی تاکیی و ئەرکێکی ناسنامەیی‌یانەی کۆمەڵەکانە. لە بواری سیاسەت و تیۆرییە تایبەتەکان بە پەیوەندی زمان و دەسەڵاتی سیاسیی، دەستوورەکانی سیاسەتی لیبرالیانە، کە پیادەکردنی کاری سیاسیی لە دەوڵەتی مەدەنیی دا دەستەبەر ئەکات، لە فەزای سیاسیی دەوڵەتدا، جۆراوجۆریی زمانیی بە مافێکی ڕەوا ئەبینێت بە مەبەستی دەربڕین لە ناسنامە جیاوازەکان(عزوز، أحمد، ٢٠١٤، ٣٦)، هەرچەندە کەلتووری فرەیی بنەمایەکی بە هێزە بۆ یەکسانی زمانیی، کەچی زمان و چەمکی نایەکسانیی، دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون، هەمیشە لایەنگیریی لە زماندا ئەبێت بە هۆی درووستبوونی نایەکسانیی زمانیی، چەمکی (نایەکسانیی زمانیی )لە لایەن زمانەوانەکانەوە گرنگیپێدراوە، چەند لایەنێک لە خۆئەگرێت:

١-نایەکسانیی خودیانە(subjective inequality)، یان لایەنداریێتی زمانیی(inequality prejudice).

٢-نایەکسانیی زمانیی پەتیی(strictly linguistic inequality).

٣-نایەکسانیی لە گەیاندنی زمانیی(communctive inequality)

٢-سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی٦*:

سیاسەتی زمانیی کۆکراوەی ئەو بژاردانەیە، کە لە دەرەنجامی پێوەندیی لە نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکییدا بەدەستهێنراوە؛ بەتایبەتیی لە نێوان زمان و ژیان لە نیشتیماندا (هنية، حسني، ٢٠١٧، ٦٢)، لە بارەی ئەو بابەتەوە پرسیار ئەکات، ئایا سروشتی پەیوەندیی نێوان زمان و زمانەکان، یان نێوان زمان و کۆمەڵگا، پەیوەندییەکی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیانە، یان پەیوەندیی ململانێی و کێبڕکێیە؟ پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ و نائاشکرا هەیە لە نێوان زمان و دەسەڵاتی سیاسیی لە دەوڵەتدا (بلال، دربال، ٢٠١٥، ٣٧)، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پێویستییە سیاسیی وکۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانی وڵات، لە ژینگەیەکی فرە-کەلتووریدا، دەوڵەت پێویستی بە سیاسەتی زمانیی هەیە کە گرفتە زمانییەکانی بۆ چارەسەر بکات، بە تایبەتی لە وڵاتێکدا زیاتر لە زمانێکی نەتەوەیی تێدا پەیڕەوکرابێت، ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتانە درووستکردنی پێوەندییەکی پێکەوە هەڵکردنە لە لە نێوان زمانەکان و ئەم سیاسەتانە ئەبێت ئامانجێک بن بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی لە نێوان زمانی فەریمی و زمانی نافەرمیی و دیالێکتە

گرنگترین بیرمەندەکانییەتی، جەخت لە سەر بنەمای ئازادیی ئابووریی ئەکەنەوە، دژی بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەران و دادپەروەریی دابەشکەرانەن، ئەم جۆرە ئاڕاستەیە لیبراڵیزمی ئەناشیزمی (anarcho liberalism) پێدەوترێت، پێیوایە هەموو کەسێك بە پێی بنەمای( شایستەبوون ) مافی پێدەدرێت. تێ-فێمێنیستی لیبراڵییانە، ئەم ئاڕاستەیە پییانوایە لە بابەتی ماف و ئازادییەکاندا بیری لیبراڵیی لە باسی ماف وئازادییەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر باوکسالاریی پێوەدیارە، هەروەها پێیانوایە لە بابەتی ماف و ئازادییەکاندا، جەختکردنەوە لە سەر (تاك) وەك لیبرتارییەکان بانگەشەی بۆ ئەکەن، یان( کۆمەڵ) وەك کۆمەڵگەراکان بانگەشەی بۆ ئەکەن ، نەیتوانیوە کێشە کۆمەڵاتییەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادیی و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگە لیبراڵییەکاندا چارەسەر بکات ،بڕوانە (محەمەد امین،بشتیوان حمە سعید،٢٠٢١، ٥٨-٨٣).

٦- * سالانێکی زۆرە گفتوگۆیەکی زانستیی چڕ ئەبینرێت دەربارەی زاراوەی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی(Language Policy and Language Planning )، بەتایبەت لەو کاتەوەی زانای ئەمریکایی هۆگن(E.Haugen) لە ساڵی ١٩٥٩ دا زاراوەی پلانی زمانیی( Language Planning) لە نوسینێکدا کە تایبەت بوو بە بارودۆخی زمان لە نەرویجدا بەکارهێناوە، سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی زۆرجار وەکو هاوواتا بەرانبەر بەیەکتری بەکاردێت. زاراوەی (Language Planing) لەلایەن هۆگن( Haugen) لەساڵی ١٩٥٩ پێشنیاز کراوە، (پێی وابوو هەموو چالاکییە زمانییەکان پەیوەستبکرێنەوە بە ئامادەکردنی سەرچاوەیەك یان فەرهەنگێکی تایبەت بە یاساکانی نووسین وهەروەها ئامادەکردنی کتێبێك تایبەت بە یاسا ڕێزمانیی و فەرهەنگییەکان بە مەبەستی ڕینماییکردنی نووسەران و ئاخێوەرانی زمانەکە) (کوبر،أ.روبرت.ل،٢٠٠٦، ٦٨ )بەڵام دواتر فیشمان(A.Fishman ) لە کتێبەکەی لە ساڵی ١٩٧٠ دا، زاراوەی سیاسەتی زمانیی (Language Policy) بۆ زیاد کردووە (١٩٧٠,١٠٨,Joshua A.Fishman) .پلانی زمانیی لای هۆگن بەشێکە لە زانستی زمانی جێبەجێکەرانە، بەڵام لای فیشمان (Fishman) لەبەش وپارێکدا دەیخاتەڕوو لە چوار چێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی جێبەجێکەرانە). (٢٦-١٩٦٦,٢٤,Inoiv Ingraid Haugen)، لە بەرانبەر زاراوەی سیاسەتی زمانیی، زاراوەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، وەکو ئامادەکاری زمانیی(amengement linguistic) (دەوڵەت بەئامانجی پارێزگاریکردن لە زمانەکەی، بەرگریدەکات لە زمانەکەی لە بەرانبەر ئەو زمانەی، کە لەگەڵیدا لە ململانێدایە وەک هەرێمی کیوبک، هەرچەندە لە سنووری جوگرافی کەنەدایە و هاوشانە لهگەڵ ئەمریکا، هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە زمانی فەرەنسی بەکاردەهێنن، (خليفة،محمد العربی، ٢٠١١، ٩))، هەروەها زاراوەی بەنۆرمکردن ( normalization) لە کەتەلۆنیا بەکارهاتووە (بكاكرة، ربيعة، ٢٠١٥، ١٧).

جوگرافیاییەکان، خستنەڕووی میکانیزمێك بێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لە نێوان زمانی فەرمیی و دیالێکتە جیاوازەکان لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت (القاسي، علی، ٢٠٠٩، ١٦).چەند سیاسەتێکی زمانی پێڕەوکراو لەلایەن وڵاتانەوە بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان جێبەجێ ئەکرێن، لە هەندێك بارودۆخدا دەستێوەردانە زمانییەکان دەرەنجامی ململانێیە سیاسییەکانی لە نێوان نەتەوەکانە، هەر بۆیە خزمەت بە ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی نەتەوەیەك ئەکات بە مەبەستی بەرزنرخاندنی زمانەکەی و کەمکردنەوەی بەهای زمانیی نەتەوەکانی تر.

## ٣-سیاسەتەکانی دەستێوەردان :

وڵاتان بە بەردەوامی لەهەوڵدان بۆ دانانی یاساکان و سیاسەتەکانی دەستێوەردانە(inervention policy) فۆرمی زمانەکان وبەکارهێنانە زمانییەکان، لێرەدا چەند نموونەیەک لە سیاسەتی زمانی پەیڕەکراو(هەندێك لە ئەو سیاسەتانە نادادپەروەری و نایەکسانیی زمانیی تێدا پەیڕەو کراوە)، بە شێوەیەکی کردەیی لەلایەن وڵاتانەوە، بە مەبەستی چارەسەر کردنی گرفتە زمانییەکان، دەخەینە ڕوو:

١-سیاسەتی گرتنەوە/تواندنەوە (Assimilation policy): مەبەست لەئەم سیاسەتە لەناوبردنی کەمینە زمانییەکانە، ئەم سیاسەتە ڕێکارەکانی دەستێوەردانە زمانییەکان بەشێوەیەکی توندوتیژانە جێبەجێدەکات، کە ئامانجی پەراوێزخستنی کەمینە نەتەوەییەکانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. لە دەستووری ئەو دەوڵەتانە ئاماژە بە بنەماکانی یەکسانی لەبەدەستهێنانی مافە زمانییەکان دراوە ، بەڵام سیاسەتی زمانی پێڕەوکراو لە ئەم وڵاتانەدا بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە مامەڵەدەکات(وەك تورکیا٧* ،ئێران، بەرازیل، ئەفغانستان، پاکستان)، وەك بڕیارێکی سیاسیی دەستێوەردانە سیاسییەکان لە ئێراندا ڕێگە بە جۆراوجۆریی زمانیی ئەدات، بەڵام بە فەرمی ئەم جۆراوجۆرییە ڕێگەپێدراو نییە( الصیفی، هدی، ٤١،٢٠١٥-٤٢)، سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر زمانی کوردیی بریتییە لە سیاسەتی پەراوێزخستنی زمانەکە، بڕوانە خشتەی(١-١)):

خشتەی (١-١) سیاسەتی زمانی دەوڵەتی ئێران پەیوەست بە دەستوور

٧– * شۆڕشی زمانیی تورکیی یەکێکە لە دەرەنجامەکانی ڕووداوە سیاسییەکان، مستەفا کەمال دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست لەساڵی ١٩٢٣ دا بەپاڵپشتی بزوتنەوەی سیکولاری/عەلمانی، لەپرۆسەیەکدا بەناوی چاکسازیی زمانیی شۆڕشی زمانیی بەرپاکرد، هەنگاوەکانی دەخەینەڕوو: ١-پێکهێنانی لیژنەیەکی زمانیی لەساڵی ١٩٢٨، کاری سەرەکی ئەم لیژنەیە دانانی ئەلفوبێی نوێ بوو، کە بریتییە لە ئەلفوبێی لاتینیی، چونکە پێیانوایە، کە هەشت ڤاوڵە کورتەکان وسێ ڤاوڵە درێژەکان لە زمانی تورکیدا ناکرێت بە سێ نیشانەی (فتحة، ضمة، كسرة)لە عەرەبیدا دەرببڕێت، هەروەها بەرانبەر پێنج دەنگی(و) لەتورکیادا(Ö،Ü،u،o، v )تەنیا یەك جۆر (و) لە نوسینی عەرەبیدا هەیە، لە ئەو باوەڕەدا بوون، کە دەتوانن بەڕێگەی نووسینی لاتینی لە نووسینەوەی فۆنێمەکان وردتربن. بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینیی لەکاروباری دەوڵەت وپەروەردە و فێرکردن لەساڵی ١٩٢٨دا، لە ساڵی ١٩٢٩خوێندن بەزمانی عەرەبی و فارسی لابرا (کالفی، لویس جان، ٢٠١٨، ٥١-٦١). ٢-لە ساڵی ١٩٣٢ دا، لە لایەن ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە لە زمانی تورکی، بڕیاردرا وشە تورکییە ڕەسەنەکان بە کاربهێنرێت، بەڕێگەی هەڵبژاردنی وشە تورکییە کۆنەکان، یان خواستنی وشەی ئەو زمانانەی کەسەر بەهەمان خێزانی زمانین( زمانی ئازەریی). ٣- لە ساڵی ١٩٣٤ دا یاسایەك دەرکرا بە پابەندبوونی هاوڵاتییان بەناولێنانی منداڵەکانیان بەوشەی تورکی( بۆ نموونە مستەفا کەمال ناوی خۆی کرد بە (ئەتاتورك). ٤- بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی تورکیی و چەندین کتێب لە ئەم بوارەدا. ئەزموونی شۆڕشی زمانیی لە تورکیادا بەنموونەیەکی بێ هاوتا لە مێژووی پلانی زمانیدا دادەنرێت (کالفی، لویس جان٢٠١٨، ٥١_٦١). هەرچەندە فەرەنسا بە حوکمی یاساو بە هۆی گەشەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە لەسەدەی سیانزەدا، توانی زمانی(لفرنسیان) ی کە تایبەت بوو بە شاری پاریس لە هەموو هەرێمەکانی دیکەدا جێبەجێبکات. سەرەڕای ئەوەی لە ئەوکاتەدا زمانی پەرەسەندوتر لەئەو زمانەدا هەبووە. فەرەنسا لە ئەم کارەدا سەرکەوتووبوو، بەڵام تا ئێستا لە دەوڵەتی تورکیادا بە هۆی یاسای بە تورککردنەوە نەتوانراوە زمانی کوردی لاوازبکرێت و لە ناوببرێت، بەڵکو بەهۆی یاساکانی قەدەغەکردنی زمانێکی نەتەوەیی، ئەم دوو نەتەوە بەردەوام لە ململانێی و جەنگدا دەژین، بۆیە بەکارهێنانی هێزو دەسەڵاتی ڕەوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فرەزمانیی، دەرەنجامێکی باشی نابێت ( مجموعة باحثين، ٢٠١٣، ٢٥٩-٢٦٠).

| | |
|---|---|
| پایتەخت | تاران |
| ژمارەی دانیشتوان | 78 ملیۆن(بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٤). |
| زمانی فەرمی | فارسی. |
| زۆرینەی زمانیی | فارسی ٥١%. |
| کەمینەی زمانیی | ئازەریی ٢٠٪، کوردیی ٩٪، یوریی ٦,٦٪، عەرەبیی ٢,١٪..... تاد |
| ماددەی دەستووری | ماددەی(15):<br><br>بۆ هەموو گەلی ئێران ، زمانی هاوبەش و فەرمییانەی نوسین و ئاخاوتن بریتییە لە زمانی فارسی ( بەڵگە و دەقە فەرمییەکان و کتێبی خوێندنگە....تاد) بەکارهێنانی زمانە لۆکاڵییەکان و نەتەوەییەکان لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا ڕێگەپێدراوە .(دەستووری هەموارکراوی ئێران ساڵی ١٩٨٩). |

٢-سیاسـەتی دەسـتێوەرنەدان(Policy of non -intervention) : لـە ئـەم بارودۆخـەدا گرنگیـی نادرێت بـە جۆراوجۆریی زمانیـی لەکۆمەڵگادا ، یـان نکۆڵـی لـە بـوونی کۆمەڵـە زمانییـەکان دەکرێـت، ئـەم بارودۆخـە دەدرێتـە دەسـتی باڵانسـی هێـز (بـە هێـزی واقیـع) لەسـەر بنەمـای هەژموونـی زمانیـی مامەڵـە دەکرێـت لەگـەڵ جۆراوجۆریـی زمانیـی، هیـچ دەقێکـی فەرمـی نییـە لەدەسـتووری وڵاتـدا لەبـارەی جۆراوجۆریـی زمانیـی، هەندێـك بنەمـای وەك(هەڵبـژاردن و هەڵاوێرکـردنی ئازادانـە و لێبوردەیـی زمانیـی، پەسـەندکردنی جیاوازیـی وجۆراوجۆریـی..... تـاد) دەکرێنـە پاسـاوێك بـۆ پیادەکـردنی ئـەم سیاسـەتانە لەوڵاتـدا (سـەنیگال، نەمسـا، ئەڵمانیـا، کوبـا، یابـان).

٣-سیاسـەتی پێشخسـتنی زمـانی فەرمیـی(Development policies of the official language) : گرنگیـی بـە سیاسـەتی زمانیـی (یەکجۆریـی- تاکزمانیی)دەدرێـت لـە وڵاتـدا، بەکارهێنـانی تەنیـا یەکجـۆر زمـان لەسـەر ئاسـتی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتی و ئابـوری و لـەرووی یاسـاییەوە، ئـەو زمانـەی کـە هەڵاوێردەکرێـت مـەرج نییـە زمانێکـی نەتەوەیـی بێـت، لەوانەیـە زمانێکـی کۆلۆنیالـی بێـت ، یـان زمـانی قسـەپێکردنی ئـەو وڵاتـە نەبێـت، ئـەم جـۆرە سیاسـەتانە بنەمایەکـن بـۆ درووسـتبوونی دیـاردەی بەیەکداچـوونی زمانیی،سـەبارەت بـە زمانـی کوردیـی ، دیـاردەی بـە یەکداچوونـی زمانیـی لـە جـۆری (کـوردی -عەرەبی)(کوردی-فارسـی)(کوردی-تورکی) درکپێدەکرێـت.

٤- سـێکتەرەکانی سیاسـەتی زمانیـی(language policy sector): ئـەم سیاسـەتە زمانییـە لەبوارێکـی تایبەتـدا وەك بـواری پـەروەردە بەکاردێـت یـان لەبـوارەکانی دیکـەی وەك (ڕاگەیانـدن وتەندروسـتی ....تـاد). بـۆ نموونـە لـە ولایەتـی میشـیگان (نەتـەوە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا)،٩١٪ دانیشـتووانی زمانـی ئینگلیـزی بـە کاردەهێنـن، هەروەهـا بـە یاسـا ئـەوە چەسـپێنراوە کـە لـە سـێکتەرەکانی پـەروەردە و تەندروسـتیدا بەکاربهێنرێـت. سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتان، زمانـی کوردیـی لـە سـێکتەری پـەروەردەدا لـە پرۆگرامـی خوێندنـدا بـە تێکـەڵاوی (کرمانجـی سـەروو، کرمانجـی خـواروو) بەکاردێـت، بـەڵام لـە سـێکتەرەکانی دیکـەدا لـە فەرمانگـە حکومییـەکان، نـووسراوە فەرمییـەکان بـە (کرمانجـی سـەروو) دەنووسرێـت.

٥-بارودۆخـی یاسـایی بـۆ جیاوازییـەکان( Legal status of differentiated): لـە ئـەم بارودۆخـەدا (زۆرینـەی زمانیـی) هەمـوو مافێکـی زمانییـان هەیـە، بـەڵام کەمینـە زمانییـەکان مافێکـی کەمتریـان پێدەدرێـت، هەرچەنـدە لـەڕووی یاساییەوە کەمینـە زمانییـەکان دانیانپێدانـراوە، مافـە زمانییـەکانی ئـەم کەمینانـە زۆر بەرتەسـك ودیاریکـراون، ئامانجـی

ئەم سیاسەتە پێکەوە گونجاندن و پێکەوە هەڵکردنی چەند زمانێکە لەناو سنووری دەوڵەتدا لەسەر بنەمای پێدانی مافی یەکسانیی و یاسایی بەهەموو زمانەکان (دانپێدانانی ڕۆمانیا لەساڵی ١٩٩١ بەمافی کەمینە زمانییەکان، هەرچەندە وەکو زمانی فەرمی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات).

٦- سیاسەتی جووتزمانی-سێزمانی(Biligualism policies or trilingual): سیاسەتی زمانیی بریتییە لە دانپێدانان بەدوو زمانی فەرمیی لە ڕووی دەستوور و یاساوە ئاماژە بە یەکسانی لە نێوان ئەم دوو زمانە دەکرێت، بەڵام لە هەندێك بارودۆخدا دەوڵەت ئەم بەفەرمیکردنە زمانییە بەکردەیی جێبەجێناکات و ئەبێتە بنەما بۆ نایەکسانیی زمانیی ونادادپەروەریی زمانیی. جۆرەکانی ئەم سیاسەتە ئەکرێت بە سێ جۆری سەرەکییەوە:١- جووتزمانی لە سەر بنەمای مافی کەسی : لە ئەم حاڵەتەدا کۆمەڵە زمانییەکان بە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا پەرشوبڵاوبوونەتەوە.٢-جووتزمانی لە سەربنەمای هەرێمیی-ناوچەیی: لە ئەم حاڵەتەدا کۆمەڵە زمانییەکان ئەخاتەڕووچەیەکی جوگرافی وڵاتدا نیشتەجێبوون و لە بەر ئەوە دەوڵەت ناچار ئەبێت هاوبەشیان بکات بە ڕێگەی بە فەرمیکردنی زمانەکەیان. ٣- جووتزمانی لە سەر بنەمای مافی کەسی و هەرێمی -ناوچەیی: هەردوو جۆر زمانەکە سنوورێکی دیاریکراو لە لە نێوانیاندا هەیە ، کۆمەڵە زمانییەکان لە هەرێمێکی سەربەخۆدا دەژین وسیستەمی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا ناوەند-مەرکەزی نییە ، سیستەمی فیدراڵییە کە حکومەتی ناوەندی خاوەن دوو زمانی فەرمییە و حکومەتی هەرێمیی -ناوچەیی خاوەن یەکجۆر زمانی فەرمییە (بەراوردی ئەم بارودۆخە بکە لە گەڵ باردۆخی زمانی کوری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا).

٧-سیاسەتی ستراتیژیانە- فرەزمانی(Strategic policies-multilingualism): کارکردن لەسەر زمان لە حاڵەتی فرە زمانیدا، ئەویش بەهەڵاوێرکردنی زمانی نەتەوەیی، وەك سیاسەتی زمانی لە مالیزیادا، دوای سەربەخۆبوون، مالیزیا بڕیاریدا ، کە زمانی مالیزی وەك زمانی نەتەوەیی سەیربکرێت. هەروەها لە حاڵەتی بەدەستهێنانەوەی زمانێك، وەك (کەتەلۆنیا) لە ساڵی (١٩٨٣) یاسای بەنۆرمکردنی زمان خرایە دەنگدانەوە، هەموو منداڵێك، پابەندە بە فێربوونی هەردوو زمانی فەرمیی لە قوتابخانەدا(کەتەلۆنیی و ئیسپانیی)، بەڵام لە چالاکیی ئابوری و بوارەکانی تر دەتوانن پابەندبن بە زمانی کەتەلۆنیی، کە لە دەستووری هەرێمی کەتەلۆنیا لەماددەی (٣) دا ئاماژەی پێدراوە، زمانی کەتەلۆنی زمانی فەرمییە (کالفی، لویس جان، ١١٢-١١٨).

## ٤-پێواژۆ و مۆدێلەکانی پلانی زمانیی:

پێواژۆی پلانی زمانیی چالاکیەکی فەرمییە لە لایەن دەوڵەتەوە جێبەجێئەکرێت، پێویستی بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووری و زمانییە. پلانی زمانیی کارێکی ئەزموونبەندانەیە، بریتییە لە ئەزموونکردنی تاکە زمانێک -یان زیاتر-زمانێکی فەرمی یان کارگێڕیانە، پێواژۆی پلاندانان لێرەدا کۆمەڵێک هەوڵە کە تاکەکان و کۆمەڵەکان و دامودەزگاکان پێیهەڵدەستن بۆ کارکردنە سەر بەکارهێنانە زمانییەکان وچەمکە زمانییەکان (القاسي، علي، ٢٠٠٩، ١٣)، کە کۆمەڵێك هەوڵ و کۆششی بە ئاگایانەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان و ئەو بڕیارانەیە لەبارەی کاریگەری دروستکردن لەسەر بەکارهێنانە زمانییەکان و گۆڕانگاریکردن لە فۆرمی زمانەکان دەدرێت (غاردماي،جولييت،٢٠٠٩، ٩٣٩)، سیاسەتی زمانی (شارل کوینت)٨*، دەکرێت بە پلانی زمانیی ناوبرێت ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە

٨- * بەگشتی بڕیارەکانی (شارل کونیت) دەکرێت بە یەکێك لە مۆدیلەکانی سیاسەتی زمانی پۆلێن بکرێن (لە ساڵی ١٩٥٠ دا بڕیاری ئەوەی دا کە زمانی ئیسپانی جێگای زمانی هیندییەسوورەکان لە ئەمریکا بگرێتەوە) بە زنجیرەیەک قۆناغ چارەسەری گرفتی زمانی بە یەکداچوونە زمانییەکان دەخاتە روو: یەکەم، قۆناغی بیرکرنەوە لە گرفتە زمانییەکان، شرۆڤەکردنی بارودۆخی زمانی (ئایا ئەبێت بنەماکانی ئاینی مەسیحیی بە زمانی کیشوا بخوێنرێت؟)، دووەم: قۆناغی بڕیاردان، دەکرێت زمانی ئیسپانی بۆ سڕینەوەی زمانی هیندییەکان بەکاربهێنرێت، سێیەم: قۆناغی جێبەجێکردن و بەرهەمهێنان، چۆنیەتی فێربوونی زمانی ئیسپانی، کەواتە جێبەجێکردن و بەجێهێنانی بەشێوەیەکی کردەیی.

(کالفـی، لویـس جـان، ٢٠٠٨، ٢١٩-٢٢١)(بكاكـرة، ربيعـة، ٢٠١٥، ٧)(قرقور،احـلام،٢٠١٨ ،٢٥). پێـواژۆی پلانـی زمانیـی گەڕانـە بـە دوای ئـەو ئامرازانـەی، کـە پێویسـتن بـۆ جێبەجیکردنـی سیاسـەتی زمانیـی، لێـرەدا چەنـد مۆدێلێکـی پلانـی زمانیـی دەخەینـە روو:


## مۆدێلی یەکەم :دەستتێوەردانە زمانییەکان:

هەرچەنـدە پلانـی زمانـی وەک زاراوە پەیوەسـتە بـە سیاسـەتی زمانیـی، بـەڵام پێچەوانەکـەی دروسـت نییـە، چونکـە لیسـتێکی دورودرێـژ لـە بـژاردەی زمانـی و سیاسـەتی زمانـی لـە بەردەسـتماندایە کـە نەخراونەتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، هـۆکاری ئەمـە نەبوونـی دەسـەڵاتێکی جێبەجێـکارە کـە لـە توانایـدا بێـت بڕیـارەکان جێبەجێبـکات، دەکرێـت جیـاکاری بکەیـن لـە لـە نێـوان ئەرکـی کردەیـی وئەرکـی ناکردەیی(سـەرپێی/ ڕەمـزی)، بـۆ نموونـە وڵاتێـک کە تـازە سـەربەخۆیی ڕادەگەیەنێـت، بڕیارێـک دەردەکات بـەوەی کـە زمانـی ئاخاوتنـی ئاسایی بکاتـە زمانـی نەتەوەیـی، ئـەم بڕیـارە بەشـێوەیەکی کردەیـی کارپێئەکرێـت ئەگـەر بخرێتـە بـواری جێبەجێکـردن وپلانـی بـۆ دابنرێـت (زمانەکـە لـە بـواری فێرکردنـدا (خوێندنگـەکان) و لـە دامـودەزگاکان بەکاربهێنرێـت)، بـەڵام ئەگـەر ئـەم بڕیـارە نەخرایـە بـواری جێبەجێکـردن، بەشـێوەیەکی سـەرپێی/رەمزی دەمێنێتـەوە٩*، زاراوەیـەکی تـر کـە لێـرەدا گرنگـە بخرێتـە ڕوو کاریگـەری دروسـتکردنە لەسـەر زمـان یـان کاریگـەری دروسـتکردنە لەسـەر زمانەکان-چەنـد زمانێـك یـان چەنـد دیالێکتێـك، بـە گشـتیی لـە ئـەم مۆدێلـەدا سیاسـەتی زمانیـی و پلانـی زمانیـی ئامانجـی سـەرەکییان دروسـتکردنی کاریگەرییـە لەسـەر فۆرمـی زمانیـی کـە پەیوەسـتە بەسـێ ئاسـتی سـەرەکییەوە لــە زمانـدا، بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـە زمانییـەکان ئـەم تیۆرییـە بـە ئـەم شـێوەی خـوارەوە میکانیزمەکانـی خـۆی دەخاتـە ڕوو: یەکـەم ، ئاسـتی دروستنووسـین، ئەلـف وبێـی نووسـین:دەکرێت زمانێـکی نووسـینی نـوێ بـۆ زمانـە زارەکییەکـە دابهێنرێـت، گۆڕانـکاری بکرێـت لـە زمـانی نووسـینی پێڕەوکـراو، یـان گۆڕانـکاری بکرێـت لـە نووسـینی ئەلـف وبێـی زمانەکە(قرقور،أحـلام،٢٠١٨ ،٢٨). دووەم، ئاسـتی فەرهەنـگ :دروسـتکردنی یەکـەی فەرهەنگـی ( لـە ڕێگـەی خواسـتن و بەرهەمهێنـان)، بـۆ ئـەوەی ڕێگـە بەزمـان بـدات بتوانێـت واتـای زیاتـر دەرببڕێـت بەخـودی زماکەکـە، کەپێشـتر بەزمانێـکی دیکـە دەربـڕاوە، لـە پێنـاو دروسـتکردنی زمانێکـی پڕاوپـڕ و بێکەموکورتییـە ( وەکـو زاراوەکان لـە بـواری سیاسـەت و زانسـت و یاسـا لـە زمانـی کوردیـی دا)(بكاكـرة، ربيعـة، ٢٠١٥، ٨).دەسـتتێوەردان لـە بـواری بەرهەمهێنانـی فەرهەنگیـی بـە دوو ڕێگـە ئەبێـت، قەرزکـردن لـە زمانەکانـی دیکـە، یـان بەرهەمهێنانـی زاراوەی نـوێ لەخـودی زمانەکـە، (لویـس جـان کالفـی )دووجـۆری ئـەم دەسـتێوەردانە دیاریئـەکات، حاڵەتـی یەکـەم: زمانـی دووەم زمانـی یەکـەم داگیـر ئـەکات، چونکـە بەکارهێنانـی وشـە بنەرەتییەکانـی زمانـی یەکـەم لـە لاواز بووندایـە، ئـەم حاڵەتـە ڕێگەپێـدراو نییـە، حاڵەتـی دووەم، پێویسـتییەکی زمانیـی لـە لـە نێـوان زمانـی یەکـەم و دووەمـدا ڕوودەدات بـە ئامانجـی دەوڵەمەندکردنـی فەرهەنگـی زمانـی یەکـەم، بەتایبەتیـی لـە بـواری فێرکـردن و سیاسـەت و زانسـتدا (قرقور،أحـلام ،٢٠٠٨ ،٢٩). سـێیەم، ئاسـتی شـێوەزارەکان/ دیالێکتـەکان: ئـەو زمانـە کـە لـە ئێسـتادا پـەرەی سـەندووە گەیشـتۆتە ئاسـتی زمـانی نیشـتیمانی/نەتەوەیی، دەکرێـت شـێوەی جیـاوازی هەبێـت بەپێـی ناوچـەی جیـاواز، دەکرێـت یـەك لـە ئـەو شـێوەزارانە، یـان شـێوەزارێکی نـوێ دروسـتبکرێت بەسـوود وەرگرتـن لـە هەمـوو شـێوەزارەکانی دیکـە (کالفـی، لویـس، ٢٠٠٨، ٢٢٥).

سیاسـەتی زمانی دەسـەڵاتی ئـەوەی هەیـە، کـە دەسـتێوەرداتە پێوەندیـی لـە نێـوان زمانـەکان، کاریگـەری دروسـتبکات

٩- * بـۆ نموونـە، لەسایەی دەسـەڵاتی داگیرکاریـی هۆڵەندیدا، پارتـی نیشـتیمانیی لـە ئەندۆنیزیا بڕیاریـدا، کـە زمانـی (ماکیـزی) بـۆ ئاسـتی زمانـی نەتەوەیـی، بەرزبکاتـەوە، بـەڵام ئـەم کارە بیسـت سـاڵی خایانـد، تـا ئەندۆنیسـیا سـەربەخۆیی وەرگـرت و دواتـر بڕیارەکـە بەکردەیـی جێبەجێکـرا (بكاكـرة، ربيعـة، ٢٠١٥، ٧)(قرقور،أحـلام،٢٠١٨ ،٢٨).

لەسەر زمانەکان بە تایبەتی لە بارودۆخی جۆراوجۆریی زمانیدا، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای فرەزمانیدا ئەبێت زمانی نەتەوەیی لە ناو ژمارەیەك لە زمانە لە ئارادابووەکاندا بکرێتە بژاردە، (یان هەڵاوێرکردنی زمانی فێرکردن ، یان ئەو زمانانەی کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەکاردێت....تاد)، دەکرێت ئەو دوو جۆرە کاریگەرییەی (کاریگەری دروستکردن لە سەر تاکە زمانێک، یان کاریگەری دروستکردن لەسەر چەند زمانێک-فرەزمانیی)، کە باسمان کرد بەیەکداچوونێك لە لە نێوانیان درووست ببێت، وەک دەرەنجامی ئەو بەیەکداچوونە زمانێك لە ناو زمانەکانی دیکەدا دەگاتە ئاستێکی زۆر بەرز وەك زمانی نیشتیمانیی/ نەتەوەیی سەیر دەکرێت (بکاکرة، ربیعة، ٢٠١٥، ٨)، کە دانپێدانانی دەوڵەت بە ڕێگەی دەستوورەوە بە زمانی هەڵاوێرکراو، بە ڕێگەی سیاسەتی زمانیی وڵاتەوە ئەبێت (بورنان، عمر، ٢٠٠٤، ١٦٣)، دەکرێت پێوەندیی لە نێوان ئەو زاراوە جیاوازانە لەئەم وێنەدا بخەینە ڕوو١٠* بڕوانە وێنەی(١-١):




سیاسەتی زمانیی وپلانی زمانیی.....وێنەی(3)

وێنەی (١-١) مۆدێلی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی

لە هەندێک باروحاڵەتدا بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی وەک زمانی فەرمیی سەرکەوتوو نابێت، زمانی ئێرلەندی زمانێکی فەرمییە، کەچی ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە، ئەم زمانە بە کاردەهێنن و تەنانەت لە دامودەزگا حکومییەکان بەکارهێنانی لاواز بووە، بەڵام ئەم زمانە وەک ڕەمزێکی ناسنامەی نەتەوەیی سەیرئەکرێت (فاسولد، رالف، ٢٠٠٠، ٥٠٠)، بە گشتیی جیاوازی لە نێوان زمانی فەرمیی و زمانی نەتەوەیی بە کردەیی بە ئەم شێوەیە: یەکەمیان، زمانی فەرمیی، ئەو زمانەیە کە لە دەستووری وڵاتدا پەسەندکراوە، زمانی مامەڵکردنێکی کارگێڕیانە و فەرمییانەیە، زمانی فێرکردن و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و بوارە جیاوازەکانە لە دام و دەزگا حکومییەکاندا. دووەمیان، زمانی نەتەوەیی/ نیشتیمانی، زمانی نوتقکراو، لە چوارچێوەی سنووری جوگرافیی نیشتیماندا، کە تاکەکان قسەی پێدەکەن، ئەم زمانە دەربڕینە لە ناسنامەی شارستانی وکەلتووری

١٠- * لە(Louis jean calver )(کالفی، لویس ٢٠٠٨، ٢٢٤) وەرگیراوە

نەتـەوە، هەروەهـا بنەمایەکـە بـۆ ڕێکخسـتنی یەکێتـی و یەکگرتنـی نیشـتیمانیی و نەتەوەیـی، مـەرج نییـە ئـەم زمانـە، زمـانی ئاخاوتنـی زۆرینـە بێـت، بەڵکـو لەلایـەن دەوڵەتـەوە دانپێدانـراوە و لەلایـەن حکومەتـەوە جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە ( حسـنی، هنیـە، ٢٠١٧، ١٢)، سـەبارەت بـە زمانـی کـوردی لـە چوارچێوەی دەوڵەتـی عێراقـدا، بـە ئـەم شـێوەیە: زمـانی کوردیـی، زمانێـکی فەرمییـە لـە دەسـتووری دەوڵـەتی عیراقـدا و جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە، زمانێـکی نەتەوەییـە، چونکـە دەربرینـە لـە ناسـنامەی نەتـەوەی کـورد.

مۆدێلی دووەم/ ستانداردکردن و مۆدێرنەکردن

ئەرکـی سـەرەکی پلانـی زمانـی بریتییـە لەدۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە زمانییـەکان، بەتایبەتـی بەگوێـرەی پێویسـتییە کۆمەڵایەتیـی وسیاسـییەکان، هۆگـن لەسـاڵی ١٩٨٧، پێـواژۆی پلانـی زمانیـی لـە چوارچێـوەی چـوار قۆناغـدا دەخاتـەڕوو بـۆ چارەسـەرکردنی دیـاردەی فرەزمانیی(عبدالعزیـز، محمـد حسـن،٢٠٠٥،٣٥٣)، ئـەم قۆناغانـە بریتیـن لـە:

١-قۆناغـی هەڵاوێرکـردن(Selection): چالاککردنـەوەی زمانێکـە یـان جۆرێکـە لـە جـۆرەکانی زمـان کـە لـە ئـەم مۆدێلـەدا پلانـی زمانیـی بریتییـە لـە پێـواژۆی بـە سـتانداردکردن لـە کۆمەڵـگای فرەزمانیـی، واتـە بـە سـتانداردکردنی زمانێکـی فەرمـی یـان زمانێکـی دیاریکـراو بـە مەبەسـتی بەشـداریپێکردنی لـە بـواری خوێنـدن و فێرکردنـدا. دوو جـۆر هەڵاوێرکردنمـان هەیـە (هەڵاوێرکردنـی یەك-ناوەنـدی(Mono-centric selection)، هەڵاوێرکردنـی فـرە-ناوەنـدی١١*(Poly- centric selection).

٢- قۆناغـی بـە کۆدکـردن(Codification) : دانانـی یاسـاکان لەنـاو پێـڕەوی زمانێکـدا کـە پێشـتر هەڵاوێرکـراوە، سـێ لایـەن ئەگرێتەوە:١-پێـڕەوی ئەلبێـی نووسـین. ٢- پێـڕەوی ڕێزمانیی(دیاریکردنـی یاسـا زمانییـەکان ودروسـتەی وشـەو دەربـڕدراو و ڕسـتەکان).٣-فەرهەنگ. لەنـاو ئـەم مۆدێلـەدا بـاس لـە چەنـد یاسـایەکی زمانـی بەسـتانداردکراو دەکرێـت، هەربۆیـە ڕێگـە بـە جۆراوجۆریـی مۆرفۆلـۆژی وسـینتاکس نادرێـت (بۆنموونـە، لەزمانـی ئینگلیزیـدا(He like him) ڕێگـە پێـدراو نییـە، بـەڵام(He likes him) ، بەکارهێنانـی (S) ی کەسـی سـێیەمی تـاك پەسـەند دەکرێـت).

٣-قۆناغـی بەجێهێنـان (Implementation): وەك دەرەنجامـی هـەردوو قۆناغـی پێشـووتر سـەیردەکرێت، واتـە پاڵپشـتیکردنی بەجێهێنانـی سیاسـەتی زمانـی پێڕەوکـراو بەڕێگـەی دەسـتوور و یاسـا و دەسـەڵاتی سیاسـیی دەوڵەتـەوە (کولمـاس، فلۆریـان، ٩٤٩-٩٥٠).

٣-قۆناغـی نۆژەنکردنـەوە(Elaboration) پەرەپێدانـی زمانیـی بەڕێگـەی نوێکردنـەوەی زاراوەکان و دەوڵەمەندکـردنی وشـە فەرهەنگییـەکان بـە مەبەسـتی گونجاندنـی زمـان لەگـەڵ تەکنەلۆژیـای نوێـدا، ئـەم تازەکردنـەوە بەڕێگـەی پێـواژۆی نوێکردنـەوەی فەرهەنگـەوە دەکرێـت، بەئامانجـی خۆڕزگارکـردن لەوشـە قەرزکـراوەکان. زۆربـەی زمانەوانـەکان و پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی گرنگییەکـی زۆر بـە پێواژۆکانـی بـە سـتاندارکردنی زمانیـی دەدەن، پێیانوایـە زمانـی سـتاندارد تاکـە ڕێگەچـارەی زانسـتییە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـە زمانییـەکان، (محەمـەد مەحـوی ٢٠٠٨) پێیوایـە (زارە سـەرەکییەکانی زمانەکە-کرمانجیـی ناوەڕاسـت،کرمانجیی سـەروو،گۆران ولوڕیـی- لەبـەر جیاوازییەکانـی هەندێـك لایەنـی بنەمایـی وگرنگیـی ڕێزمانەکەیان،ناکرێـت لەیەکبدرێـن ولەگـەڵ یەکتریـدا موتوربـە بکرێـن و»

---

١١- * لـە یاسـای زمانـی فەرەنسـیدا، بـە تایبەتـی لـە هەرێمـی (کیوبـك)دا لـە ساڵی (١٩٦٨-١٩٧٢)هاتـووە ،بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـی لیژنەیەکـی تایبـەت بـە مافـە زمانییـەکان لـە ئـەم هەرێمـەدا ، نەتـەوە فرانکفۆنییـەکان لـەڕووی دیموگرافیـی و کەلتوورییـەوە لـە نـاو هەرێمـی (کیوبـك)دا زۆرینـەن ، بـەڵام لـە چێـوەی کەنـەدا و بـە بـەراورد لـە گـەڵ قسـە پێکەرانـی زمانـی ئینگلیزیـدا کەمینـەن، حکومەتـی کیوبـك بـە کارهێنانـی زمانـی فەرەنسـی لـە نـاو خۆیـی هەرێمەکـەدا بـەڕەوا دەزانێـت ، لـە هەندێکبارودۆخـی دیکـەدا پلانـی زمانیـی لـە پێنـاو تێکەڵکردنـی کۆمەڵێـك دیاڵێکـت داهێـنراوە وەك زمانی(باسـك) لـە ئیسـپانیادا(عبد العزیـز، محمدحسـن،٢٠٠٥،٣٥٤).

زمانێکی یەکگرتوو» یان لێپێکبهێنرێت)(مەحویی، محەمەد،۲۰۰۸، ۱۰۹) لە خستنەرووی ئەم تێڕوانینە زانستییانەدا کاریگەرن بە تیۆریەکان و مۆدیلەکانی زمانی ستاندارد لای زمانەوان هۆگن(Haugen)۱۲*، (مەحوی -شاخوان ) پێیانوایە، زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە، کە پرۆسەکانی بەستانداردکردنی بەسەردا جێبەجێکراون و بریتین لە هەڵاوێرکردنی نۆرمێك/زارێك، بە کۆدکردنی نۆرمەکان، پەسەندکردن و بڵاوبونەوەی نۆرمەکان لەناو خەڵکدا لەگەڵ گەشەپێدانی لەلایەن کۆمەڵەکانەوە/چڤاتەوە. واتە پێناسەی زمانی ستاندارد رێگەدانی دەستووری پێی، رێگە لەوە دەگرن فۆرم/ جۆری دیکە(کرمانجیی سەرو،گۆران، زازا) لەگەڵ ئەو زمانە ستانداردەدا بەکاربهێنرێت( حمەسعید، محمد عبدالفتاح _فرج، شاخەوان جەلال، ۲۰۱٤، ژ ٤٥، ١٥٤-١٤٧)،هەروەها ئەوە دەخەنە روو، زمانی ستاندارد لە زارەکانی زمانەکە، کە لێیان پێکهاتووە ڕاستر یان دروستتر نییە، لە هەموو ئەوانەوە هەڵێنجراوە، مەبەستیان لە هەڵهێنجانەکە ئەوەیە کە یاسا بنەرەتییەکانی زمانەکە بۆ هەموو زارو وەچە زارەکان دەخوات . مەحوی (۲۰۱٦) ئەوە ئەخاتەڕوو، بە ستانداردکردن لە پلاندانان بۆ زماندا و بەتایبەتی لە پلاندانان بۆ کۆرپەری زماندا بەکاردەهێنرێت و ئاماژە بە باری کەسێتیی پێڕەوبەندانەی ئەو یاسا دەرهێنراوانە ئەدات، کە کۆنترۆڵی بەکارهێنانی جۆرەکانی زمان لەکۆمەڵگایەکدا دەکەن یان دیارییدەکەن و جلەویئەگرێت/ تەحەکومی پێوەدەکەن.( مەحوی، محەمەدی، ۲۰۱٦، ٥٨). دەگمەن سەرچاوە وبنەڕەتی زمانێکی ستاندارد بۆ تاکە زار دەگەڕێتەوە ( هەڵاوێرکردنی تاك-ناوەندیی» Mono- Centric Selection»)، فۆرمەکانی زۆربەی زمانە بەستاندارد کراوەکان لەڕێی یەکخستنی زارەکانەوە ( Dialect Leveling ) و هێنانە ئارای لە بۆتە دراوێك( Coin) دروستکراون، کە واتە زۆربەی زمانە بەستانداردکراوەکان لە جۆرەکانیان /زارەکانیان پێکهاتوون و ئاکاری هەڵاوێرکردنێکی فرەییان ( هەڵاوێرکردنی فرە- ناوەندیی» Multiple Selection « هەیە (Poly centric Selections) و لەچەشنی زاری زۆر پێکهاتوون. بەواتایەکی تر زمانی ستاندارد فرە سەرچاوەیە. بۆ (ك ن) ئەم ستانداردە لە فۆرمەکانی شێوەزارەکانی/ وەچەزارەکانی سلێمانی، هەولێر، موکریی، گەرمیان( کەرکوك، کفری، کەلار، خانەقین) پێکدێت.(مەحوی، محەمەدی، ۲۰۱٦، ٥٩) Haugen,۱۹۷۲,۲٦٦,۲٤۷)).لەدەرەنجامی ئەو هەڵهێنجانە زانستییانەی پێیگەیشتووین، بە ستانداردکردن و پێواژۆی بە ستانداردکردن ، مۆدێلێکە لە ناو چەندین مۆدێلی جۆراجۆر و جیاواز لە سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی پێڕەو کراو لەلایەن وڵاتانەوە، ئەم مۆدێلە لە سەرەتادا وەك لێکەوتەی دەوڵەتی مۆدێرنە خۆی ئاشکرا کرد، بەڵام بە پێی تێڕوانینی لیبرالی -فرەیی، ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە بنەمایەکی ئایدۆلۆژیانە دەستی بەسەرداگرتووە ئەبێت بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نادادپەروەریی زمانیی. توێژەر پێیوایە ئەم مۆدێلە (بۆ چارەسەر کردنی گرفتە زمانییەکان بە تایبەتی فرە جۆری زمانیی-بەکارهێنانی زمانی نەرویجی و دانیمارکی لە نەرویجدا بە کارهاتووە ) زۆر جیاوازە لە ژینگەی زمانیی لە کۆمەڵگەی کوردیی دا ، ئەگەر لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی کوردییی ،گرفتی زمانیی-لە جۆری ململانێی لە نێوان دوو زمان، یان جووتزمانی (کوردیی-عەرەبی ،کوردیی-فارسی ،کوردیی-تورکی ) هەبووبێت و ڕەنگدانەوەی هەبووبێت لە ئاستی فەرهەنگدا ( وەك قەرزکردن و خواستنی زمانی)، بەڵام بەردەوام قسەکەری کورد هەوڵیداوە لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژیی کوردیی دا بیگونجێنێت، لە ئێستادا ژینگەی زمانیی لە کۆمەڵگای کوردیی دا بریتییە لە


۱۲- * توێژەر پێیوایە ئەم مۆدێلە (بۆ چارەسەر کردنی گرفتە زمانییەکان بە تایبەتی فرە جۆری زمانیی-بە کارهێنانی زمانی نەرویجی و دانیمارکی لە نەرویجدا بە کارهاتووە ) زۆر جیاوازە لە ژینگەی زمانیی لە کۆمەڵگەی کوردییدا ، ئەگەر لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی کوردی ،گرفتی زمانیی-لە جۆری ململانێی نێوان دوو زمان ،یان جووتزمانی (کوردی -عەرەبی ،کوردی -فارسی ،کوردی -تورکی )هەبووبێت و رەنگدانەوەی هەبووبێت لە ئاستی فەرهەنگدا ( وەك قەرزکردن و خواستنی زمانی)،بەڵام بەردەوام قسەکەری کورد هەوڵیداوە لە گەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژی کوردیدا بیگونجێنێت،لە ئێستادا ژینگەی زمانیی لە کۆمەڵگای کوردیدا بریتییە لە مڵملانێی دیالێکتیانەو فرە دیاڵێکتی ، لە بەر ئەمەیە کە مۆدێلی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی لە دەوڵەتی فەرەنسا و ئیتاڵیادا وەك مۆدێلێکی هاوشێوە دەبینین بە تایبەتی هەوڵەکان بۆ سە پاندنی دیاڵێکتێکە .

ململانێی دیالێکتیانە و فرە دیالێکتی، لەبەر ئەمەیە کە مۆدێلی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی لە دەوڵەتی فەرەنسا و ئیتالیادا وەك مۆدێلێکی هاوشێوە دەبینین بە تایبەتیی، کە هەوڵەکان بۆ سەپاندنی دیالێکتێکە.

مۆدێلی سێیەم/ئامادەکارییە زمانییەکان:

یەکێك لە ئەو تیۆریانەی کە لە بواری سیاسەتی زمانییدا پیادەئەکرێت، بە تایبەتیی لە بواری پەروەردەدا، تیۆری سیاسەتی زمانیی زانای زمان (سپۆلسکی)(spolsky ٢٠٠٤)، کە پێیوایە دانانی سیاسەتێکی زمانیی-دادپەروەریانە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دادەمەزرێت، کە بریتیین لە ، یەکەم ،ئایدۆلۆژیای زمانیی؛ کۆمەڵێک چەمک و بیروباوەرە، کە لە یادگەی کۆمەڵەکاندا چەسپاوە و بیرکردنەوەی نەتەوەیەکە دەربارەی زمانەکەی، ئەو نەتەوانە سیاسەتی زمانیی وڵاتەکەیان لەسەر ئەو بنەما ئایدۆلۆژییە دادەرێژن(وەک فەرەنساو تورکیا،مەرج نییە هەموو جارێک ئایدۆلۆژیای زمانیی ڕاست و دروست بێت، لەوانەیە سەرچاوەکەی بیروباوەڕی ئاینیی و ئەفسانەیی بێت) (عزوز، احمد، ٢٠١٤، ٥١، ٥٨)، بە گشتیی ئەو بیرو باوەڕەیە کە دایکوباوك هەیانە و دەیکەنە بژاردەیەك لە بەردەم دیاریکردنی زمانی ئاخاوتنی منداڵەکانیان. دووەم، بەکارهێنانە زمانییەکان / پراکتیکەکردنە زمانییەکان: ڕووپێویی مەیدانی بۆ هەموو ئاخاوتنە زمانیی ودیالێکتییەکان، لەپێشچاوگرتنی واقیعی زمانیی لەکۆمەڵگادا (فرەزمانیی)، لە پێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەریی زمانیی و پێکەوە هەڵکردنی زمانەکان پێکەوە ( بلعید، صالح، ٢٠١٠، ١١٠). سێیەم، ئامادەکارییە زمانییەکان / پلانی زمانیی: ئەو یاسا فەرمییانەیە، کە لە کۆمەڵگەی فرەزمانیدا پلانێك دادەرێژن بۆ ئامادەکردن و بە ستانداردکردنی زمانێکی دیاریکراو ( بەحوکمی یاساو دەستوور)، بڕوانە وێنەی(١-٢):

وێنەی (١-٢)   مۆدێلی سپۆلسکی / ئامادەکارییە زمانییەکان




مۆدێلی چوارەم:دروستکردنی بڕیار:

سیاسەتی زمانیی میکانیزمێکە بە ڕێگەیەوە کۆمەڵە باوەکان بنەماکانی هەژمونگەرایی لەبەکارهێنانی زمانییدا دادەنێن، چونکە دەوڵەت خۆی بەتەنها خاوەنی ئەو دەسەڵاتەیە و لە توانایدایە بیخاتە بواری

پلاندانانـەوە، سیاسـەتی زمانـی لـە دروسـتکراوی دەوڵەتێکـە یـان کیانێکـی سـەربەخۆیە لەنـاو دەوڵەتـدا( بـۆ نموونـە کەتەلۆنیـا)١٣*.( هنیـة، حسـني، ٢٠١٧، ٦٢). لـە ئـەم مۆدیلـەدا تیـۆری پلانـی زمانیـی بریتییـە لـە دروسـتکردنی بڕیـار /صنـع القـرار، بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـە زمانییەکان(جیمـس وطولیفصـون، ٢٠٠٧، ٢٥). ئیلسـۆرس وسـتانکی (Ellsworth) لەدروسـتکردنی بڕیـارەکانی پلانـی زمانیـی سـێ لایـەن دیاریـدەکات، کـە بڕیـارە سیاسـییەکان دادەڕێـژن، بریتیـن لـە: یەکـەم: دەسـتەی فەرمـی ، ئەنـدام پەرلەمـان و سـەرکردە سیاسـییەکان ....تـاد، دەتوانـن نەخشـەی سیاسـەتەکان بکێشـن وبڕیـار بـدەن. دووەم، ئەوانـەی کاریگـەری دروسـتدەکەن ئـەو چینـەی لەکۆمەڵـگادا چالاکـن و کاریگەریـان هەیـە لـە پێرەوکردنـی سیاسـەتی زمانیـی لـە وڵاتـدا. سـێیەم ، حکومـەت ، کەخـاوەن بڕیـاری ڕاسـتەقینەیە، دەتوانێـت پرۆگـرام دابنێـت بـۆ پلانـی زمانیـی، دەسـتووری وڵات ڕۆڵـی سـەرەکی هەیـە لەچارەسـەرکردنی گرفتـە زمانییـەکان،وەك دانـانی یاسـای پشـتگیریکردن لـە یاسـادانان(Statue of Pleading) (بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٦٢ دا یاسایەك دانـرا ، زمانـی ئینگلیـزی زمـانی زارەکیـی بێـت لـە دادگاکانـدا، لاتینـی زمانـی فەرمیـی بێـت لـەدادگا و دادوەریـدا (کوڵمـاس ، فلوریـان، ٢٠٠٩ ،٩٢٥). تێۆریەکانی(دروسـتکردنی بڕیـار) بەتـەواوی لەچوارچێـوەی زانسـتی سیاسـەتدا دادەڕێژرێـن، ئەسـتۆن(Eston) دروسـتکردنی بڕیـار وەك دەربڕیـن لەچەمکـی پیادەکـردنی دەسـەڵات ئەبینێـت، چونکـە پابەنـدە بەداڕشـتنی یاسـاکان و دەسـەڵاتی جێبەجێکارانـە، (کوبـر، ا. روبـرت. ل،٢٠٠٦، ١٦٤)، تیـۆری بڕیاردانـی شـیکاریانە سـێ بنەمـای سـەرەکی هەیـە (تـاك، ڕێکخـراو و دامـەزراوەکان، بـواری سیاسـەتی گشـتی) ئـەم سـێ لایەنـە، مەرجـی سـەرەکی دروسـتکردنی بڕیـار و بڕیاردانـن و پەیوەسـتن بەپلانـی زمانیـی، دەکرێـت تاکەکان(کۆمەڵێـك کـەس) ڕۆڵیـان هەبێـت لەدروسـتکردنی بڕیـار دەربـارەی زیندووکردنـەوەی زمانێـك( پێـواژۆی زیندووکردنـەوەی زمانـی عیـبری بەڕێگـەی کەسـێکەوە کـرا)، هەندێکجـار بـە تەنهـا بوارێـك ناکرێـت ئـەو سـێ بـوارە پێکـەوە ڕۆڵیـان هەیـە لـە داڕشـتنی یاسـاو پێڕەوەکان (قرقـور، احـلام،٤٧،٢٠١٨).

٥-بارودۆخی جێبەجێکردنی پلانی زمانیی لە زماندا:

زانـای زمـان کلـۆس(kloss ١٩٦٧)، بـە پێـی ئـەو پۆلینکارییـەی دەیخاتـە روو بـۆ مۆدیلەکانی پلانـی زمانـی ، یەکەم کەس بـووە زاراوەکانـی پلانیـی زمانیـی کۆرپـەی دەق (corpus planing) و پلانـی زمانیـی دیاریکردنـی بارودۆخـی زمانیـی (status planning ) بەکارهێناوە)عبـد العزیز،محمـد حسـن،٢٠٠٥، ٣٥١)،ئـەم زانایـە پلانـی زمانیی دابەشـئەکات بۆ دوو جـۆری سـەرەکیی: یەکـەم، پلاندانـان کۆرپـەی دەق(corpus planing)، بریتییەلـە گرنگییـدان بـە دروسـتەی نـاوەوەی زمـان (language structure ) مامەڵەکردنـە لەگـەڵ فۆرمـە زمانییـەکان و گۆرانکاریکردنـە لـە زمانـدا (لـە هەمـوو ئاسـتەکانی زمانـدا) داڕشـتنی یاسـای فەرمییـە پەیوەسـت بـە ڕێزمـان و دروسـتنووسـین و سـینتاکس و فەرهەنـگ. دووەم : پلاندانـان بـۆ بارودۆخـی زمانیـی (status planing)، بریتییـە لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ زمانـدا لـە رووی ئەرکەوە، واتـە گۆرانکارییـە لـە زمانـدا لـە رووی ئـەرك و پێگـەوە، وەك بەکارهێنانـی زمانێـك لـە بـوارە جیاوازەکانـدا بـە مەبەسـتی

١٣- * هەرچەنـد سیاسـەتی زمـانی پەیوەسـتە بـە بڕیـاری دەوڵەتـەوە، بـەڵام ناکرێـت ئـەوە بخەینـە لاوە کەدەکرێـت سیاسـەتی زمـانی پەیوەسـت بێـت بـە کۆمەڵێـکی دیاریکراو کـە بچووکتر بێت لەدەوڵـەت، یـان کۆمەڵێکی بچـووک کـە لەگـەڵ چەنـد کۆمەڵێـکی تـردا پێکـەوە دەژیـن، نموونـەش بـۆ ئـەم حاڵەتـە( کۆمەڵـەی نابیسـتان) کـە دەتوانـن کۆنفرانسـە جیهانیـەکان سـاز بکـەن، پێشـنیازەکانیان دەربـارەی بـواری فێرکـردن( ئایا فێرکـردنی ئەوانـەی خـاوەن پێداویسـتی تایبەتـن لـە ئاخاوتـن و بیستندا(نابیسـتو ناگـۆ/ کەرۆلاڵـەکان) ن بەشـێوەی زمـانی ئیشـارەت بێـت یـان دەربڕینـی زارەکی بێـت؟) دەخەنـە دەنگدانـەوە و بڕیـاری لەسـەر دەدەن. نموونەیـەکی تـر بـوونی ( کەمینـە زمانییەکانە/الأقلیـات اللغویـة) وەك، دانیشـتوانی (تبـت) لـە چیـن ، کەتەلۆنیـا و کیبۆك....تـاد، دەکرێـت ئـەم کەمینانـە خـاوەن سیاسـەتی زمـانی بـن و پرۆگـرام و داواکاری خۆیـان هەبێـت، کـە زۆرجـار بەجێهێنـانی پێویسـتی بـە پلانـی زمانیـی هەیـە، کـە زۆرجـار دەوڵـەت تییـدا بەشـدار دەبێـت، ناکرێـت بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ دەسـەڵاتی دەوڵـەت ئـەم بڕیارانـە بخرێتـە بـواری جێبەجێکردنەوە(کالفـي، لویـس جـان، ٢٠٠٨، ٢٢٢). سـەرەڕای بوونـی چەنـد کەمینـە زمانییـەک لـە کۆمـاری لەتوانیا (٥، ٣٣٪ زمانـی روسـی، ٣٪ زمانـی ئۆکرانـی، ٢،٢٪ زمانـی ئوتـی، ١،٦٪زمانـی لەتوانـی..... تـاد)، لەکاروبـاری دەوڵـەت و لـە بەرانبـەر دادگادا ، هاووڵاتییانـی مافـی ئەوەیـان هەیـە، بـە تەنهـا زمانـی لەتوانـی بەکاربهێنـن، یـان ئەگـەر زمانەکـە نەزانـن کەسـێکیان بـۆ دابنرێـت بـە مەبەسـتی وەرگێران(حناشـی، نجیـم، ، ٧٨، ٨٣).

بەجێهێنانی ئەرکی ئاینی و ئابووری و پەروەردەیی . جێبە جێکردنی پلانی زمانیی بە شێوەیەکی کردەیی لە لایەن وڵاتان و پسپۆرانی زمانەوە بە تایبەتیی لە چێوەی پلانی زمانیی کۆرپەی دەقدا ، مامەڵە کردنە لە گەڵ گرفتە زمانییەکان پەیوەست بە دروستەی ناوەوەی زمان، ( القحطانی ، سعد، ٢٠٠٢ ،٢١) چەند میکانیزمێك بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە زمانییانە دەخاتە ڕوو:

١- پاککردنەوەی زمانیی (Language Purification): پاککردنەوەی زمان لەوشەی بێگانە دەکرێت بەدوو جۆرەوە، یەکەم: پاککردنەوە دەرەکی / لە دەرەوە، لابردنی کاریگەری زمانەکانی تر لەسەر زمانی کوردیی( لەفەرەنسادا کۆڕی زمانی فەرەنسی دامەزرا بۆ پاراستنی ناسنامەی گەلی فەرەنسا ، ئەویش بەنووسینی فەرهەنگ ودانانی زاراوە لەبوارە جیاوازەکاندا ، تازەکردنەوەی زاراوەکان وبەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ و جێبەجێکردنی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا)( الزبون، خواز، ٢٠١٥، ٨٨) . دووەم: پاککردنەوەی ناوەکی، پاراستنی زمانی کوردیی و بونیادی زمانی کوردیی لەلادان، ئاشکراکردنی هەڵە زمانییەکان و ڕاستکردنەوەیان، پابەندبوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بە بڵاونەکردنەوەی بابەتێکی زانستی تاوەکو پشکنین و هەڵەچنی زمانیی بۆ نەکرێت( المحمود، محمود، ب م، ١٦٧).

٢- زیندووکردنەوەی زمانیی (Language Revival): هەوڵێکە بۆ دووبارە گۆڕینەوەی زمانێکی مردوو/ لەناوچوو و بەکارنەهاتوو بۆ زمانێکی زیندوو و بەکارهاتوو، وەك زیندوکردنەوەی زمانی عیبری لەدەوڵەتی ئیسرائیل.

٣-ریفۆرمی زمانیی (Language Reform): چاکسازی لە نیشانە و ئەدگار و سیما تایبەتەکانی زمانەکان، وەك (پیتەکان، دروستنووسین، ڕێنووس، ڕێزمان، فەرهەنگ) لەپێناو ئاسانکاریکردن لە بەکارهێنانی زمانیدا. هەندێکجار لە دەرەنجامی گۆڕانکاریی سیاسیی و ئایدۆلۆژی و ئاینیی دێتە ئاراوە ( شۆڕی زمانیی لە تورکیادا(( المحمود، محمود، ب م، ١٦٧)( الصیفي، هدی، ٢٠١٥، ٦٠)، کە بە چەند شێوازێك جێبەجێئەکرێت، دانانی ئەلفوبێ و نوێکردنەوەی نووسین١٤*، هەروەها گۆڕانکاریکردن لە یاسا زمانییەکان لە بواری ڕێنووسدا، بۆ نموونە نوێکردنەوەی شێوازی نووسین لە زمانی فەرەنسیدا، واتە پلاندانان بۆ دووبارە نووسینەوەی هەندێك وشە لەزمانی فەرەنسیدا بە شێوەیەکی جیاواز، بۆ نموونە وشەی (farmacie) لە بری (pharmacie) بنووسرێت (قرقور، احلام،٢٠١٨ ،٣٩). لە ئاستی دەنگسازیدا، بۆ نموونە دانانی یاسا دەنگییەکان بە مەبەستی زیندووکردنەوەی زمانی عیبری، گەڕاندنەوەی هەندێك دەنگی ڤاوڵ بۆ زمانی فنلندی، کە لە سەدەی ١٦ەوە بەکارهێنانی لە زمانەکەدا نەمابوو (آمنە، ابراهیمي،٢٠٠٧، ٦٠- ٦٢ ). گۆڕانکاریکردن لە فەرهەنگی ئاوەزیی، بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی وشە و زاراوەکان، بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ لە بوارە جیاوازەکان، یان گۆڕینەوەی وشە و زاراوەکان کە لە زمانەکانی ترەوە خواستراون بە وشە و زاراوەکانی زمانی نەتەوەیی.

٤-بە ستاندارکردنی زمانیی ١٥*(Language Standarization): ئەم جۆرەی پلانی زمانیی، هەنگاوێکە بۆ یەکخستنەوەی زمان، ئەویش بە پابەندبوون بە زمانێك کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە چوارچێوەی

---

١٤- * بۆ نموونە لە سیاسەتی زمانی لە وڵاتی (چین)دا گۆرانکاریکرا لە نووسینی فۆنەتیکی، لە ساڵی١٨٩٢ دا لو-کان-شانگ کتێبێکی پێشکەش کرد، بە ناوی پێواژۆی ئاسانکاریکردن لە بەکارهێنانی هێما زمانییەکان، کە تێیدا ٥٥ هێمای بە کارهێنا بۆ نووسینی دەنگە زمانییەکان، هەروەها بۆ ئەوەی ژمارەی فۆنیمەکان بۆ هەموو دیالێکتەکان گونجاو بێت، هەموو دیاڵیکتەکان بتوانن بە ئەو زمانە بنووسن.(لە زمانی کوردیدا، بە تایبەتی لەشێوە زاری هەورامی و ئەکسێنتی گەرمیان(خانەقین و کفری )، هەندێک دەنگمان هەیە، هیچ فۆنیمێک لە بەرانبەری دانەنراوە(.

١٥- * سیاسەتی زمانی لە نەرویجدا، بریتییە لە ستانداردکردنی زمانی، لە ئەم وڵاتەدا کۆمەڵێك جۆراوجۆریی زمانی بە دی دەکرێت، زمانی ئەدەبی بە زمانی دانیمارکی نووسراوەتەوە، هەروەها دیاردەی جۆراجۆریی زمانیی (دیاڵێکتە جیاوازەکان)، زمانەوانەکان پێیانوایە ئەم سیاسەتە ئامانجێکی ئایدۆلۆژی هەیە بۆ سرینەوەی زمانی دانیمارکی و گرنگیدان بە زمانی نەرویجی بە ڕێگەی پێواژۆی بە ستانداردکردنەوە(کالفی،لویس،١١٢-١١٨).

دەوڵـەت یـان هەرێمێکـدا، وەك زنجبـار لـە ئەفریقیـا کـە زمانێـکی فەرمـی لەنـاو هەمـوو دیالێکتـە جیـاوازەکان هەڵاوێرکـرد بـۆ ئـەوەی ببێتـە زمـانی قوتابخانـەکان، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕێکخـراوی زمانیـی دامـەزرا بـۆ نووسـینەوەی فەرهەنگێـك.( الزبـون، خـواز، ٢٠١٥، ٨٩).

٥-بڵاوبوونـەوەی زمانیـی (Language Spread): مەبەسـت لـە ئـەو هەوڵانەیـە کـە دەدرێـت بـۆ بڵاوبوونـەوەی زمانێـك، بـۆ ئـەوەی ژمـارەی قسـەپێکەرانی زیـاد بـکات، ئەمـەش لەسـەر بنەمـای کەمکردنـەوەی ڕۆڵ و کاریگـەری زمانێـکی تـر ئەبێـت، گۆڕینـەوەی زمانیـی (Language Shift) بریتییـە لـە گۆڕینـی زمـانی کۆمەڵگایـەك لەزمانێکـەوە بـۆ زمانێـکی تـر، کـە بەجۆرێـك لـە جۆرەکانـی بڵاوبوونـەوەی زمانیـی دادەنرێـت، چەنـد دامەزراوەیـەکی جیهانیـی گرنگیـی ئـەدات بـە ئـەم جـۆرە لەپلانـی زمانیـی وەك هەوڵـەکانی بەریتانیـا و فەرەنسـا بـۆ بڵاوبوونـەوەی زمانەکانیـان بـە ڕێگـەی سیاسـەتی زمانییـی بەجیهانیکـردن/ بـە ناوەوڵەتیکردنـی زمانەکەیـان.( المحمـود، محمـود، ب م،١٦٨ ).

٦- بـە مۆدێرنەکردنی/نوێباوکردنـی وشـە فەرهەنگییـەکان( Lexical Moodernization): فرگسـۆن (ferguson) پێـواژۆی مۆدێرنەکـردن یـان گونجانـدن و دروسـتکردنی وشـە(word creation or adaption)، بـە ئـەم شـێوەیە دەخاتـەڕوو( ئەبێـت زمـان وەك ئامـرازی گەیانـدن بگاتـە ئاسـت وپلـەی زمانـە پێشـکەوتووەکان و پەرەسـەندووەکانی تـر) زۆرینـەی زمانەوانـەکان لەگـەڵ ئـەم بۆچوونـەی (فرگسـون) دا نیـن، پێیانوایـە کـە هەمـوو زمانێـك لـە ڕووی یاسـای زمانییـەوە پێشـکەوتووە، بـەڵام بەمەبەسـتی ڕۆیشـتن وخۆگونجانـدن لەگـەڵ پێشـکەوتنە مەعریفـی و تەکنەلۆژیەکانـدا، دەکرێـت بەڕێگـەی قەرزکـردن ( الصیفـي، هـدی، ٢٠١٥، ٦١)، (فاسـولد، رالـف، ٢٠٠، ٤٤١) لـە زمانـەکانی دیکـەدا هەندێـك وشـەی فەرهەنگـی زیادبکرێـت بـۆ زمانـی کوردیـی بـە مەرجێـك لەگـەڵ بونیادی/درووسـتەی زمانیـی زمـانی کوردیـی دا بگونجێـت.

٧- یەکخسـتنەوەی زاراوەکان (terminology unification) و دانانـی فەرهەنگێـك: یەکخسـتنەوەی ئـەو زاراوانـەی کـە لـە بـوارە زانسـتییەکاندا بەکاردێـت، بـە گشـتیی لـە بـواری پلاندانـی زمانیـدا گرنگیـی دەدرێـت بـە زاراوە و بـواری زاراوە دانـان، بـە تایبەتیـی لـە کاتێکـدا کەلێنـی زمانیـی لـە بـواری زاراوەدانانـدا گرفتـی دروسـتکردووە ( دامـەزراوە زمانییـە ئەکادیمیـەکان لەفەرەنسـادا،زاراوە و دەربـڕدراوە فەرمییەکانیـان لەشـێوەی فەرهەنگێـك کۆکـردەوە، بـە ناونیشـانی فەرهەنگـی دەربـڕدراوە فەرمییـەکان لەزمانـی فەرەنسـیدا) (المحمـود، محمـود، ب م، ١٦٨) (کالفـی، لویـس جـان، ٢٠٠٨، ٨٢).

٨- ئاسـانکردنەوەی شـێوازی زمانیـی(Stylistic Simplification): ئاسـانکردنەوەی بەکارهێنـانی زمانیـی لـە بـواری فەرهەنـگ(Lexicon) و ڕێزمـان و شـێواز (style)ی زمانیـدا، واتـە ڕوونـی و ڕەوانـی لـە بەکارهێنانـە فەرهەنگـی وسینتاکسـی وشـێوازی زمانیـدا. لەسـاڵی ١٩٠١ دا فەرەنسـا ئاسـانکاریکرد لـە ڕێنووسـی زمـانی فەرەنسـیدا لـەڕووی شـێوازەوە، پێیـان باشـترە وشـە لێکـدراوەکان بەسـەر یەکـەوە بنووسرێـت، وەك وشـەی (promme de terre = prommedeterre ) (بـە واتـای پەتاتـە دێـت) بـە سـەریەکەوە بنووسرێـت (المحمـود، محمـود، ب م، ١٦٩).

٩- دروسـتکردنی لێکگەیشـتن و پەیوەنـدی لـە نێـوان دووزمـان (Inter lingual communication): بـوونی قسـەپێکەرانی دوو زمـانی جیـاواز، هەندێکجـار ئەبـن بـە گرفـت لەبـەردەم لێکگەیشـتنە زمانییـەکان بەبەکارهێنـانی زمانـی سـێیەم وەك زمانێکـی هاوبـەش لـە نێـوان ئـەم دوو جـۆرە زمانـەدا، بـە چارەسـەری سـەرەکیی ئـەم گرفتـە دادەنرێـت، وەك بەکارهێنانـی زمـانی ئینگلیـزی لـە ژینگـە جیاوازەکانـدا بەمەبەسـتی لێکگەیشـتن (الصیفـي، هـدی، ٢٠١٥، ٦٣(. کۆمەڵـگای کوردیـی خـاوەن ژینگەیەکـی جووتزمانـە پەیوەسـت بـە دابەشـبوونی لـە لـە نێـوان چـوار

دەوڵەتدا، جووتزمانی لە تەرزی (کوردیی -عەرەبی، کوردیی-فارسی، کوردیی-تورکی)، هەبوونی زمانێکی هاوبەش گرفتی لێکگەیشتن چارەسەر ئەکات.

١٠- پارێزگاریکردن لە زمان(Language Maintenance) : ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵانەی بۆ پارێزگاریکردن لەزمانیی دایکیی- زمانیی یەکەم دەدرێت، کەمکردنەوەی ئەو هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکانەی ( هۆکاری سیاسیی وئابووری پەروەردەیی وکۆمەڵایەتی)، کە ئەبن بە مەترسی لە بەردەم زمانپژان و فێربوونی زمانی دایکیی، جێبەجێکردنی ئەم پلانە زمانییە لەلایەن هەرێمی کیوبك ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی مەترسی هەڕەشەکانی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی فەرەنسی لاببرێت، بەدانانی زمانیی فەرەنسی وەك زمانی یەکەم.(المحمود، محمود، ب م، ١٧٠)


١١- بەستانداردکردنی کۆد/جفرە - هیما یارمەتیدەرەکان )Auxihiary-Coda Standarization: دانانی پێوەرێکی ستاندارد بۆ سیما لاوەکییەکانی هێماکان و زاراوە ناسەرەکییەکان (Marginal)لەزماندا، وەك ناوی جێگە و شوێن و شارەکان، ئەو وێنە و تابلۆیانەی کە هەڵواسراوە و ئاماژە و ڕێنماییکردنی تێدایە بۆ هاوڵاتیان، بۆ نموونە سەنگافورا لیژنەیەکی زمانی پێکهێنا، بۆ ئەوەی ناوی شوێن وکەسەکان بەدروستی بنووسرێت و ببێتە شێوازێکی فەرمی لەوڵاتدا بەکاربهێنرێت.)الصیفی، هدی، ٢٠١٥، ٦٤.(

بە گشتیی بەپێی ئەو مۆدیلانەی پێشتر خستمانەڕوو بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی زمانیی تۆکمە لە بواری پەروەردەدا پێویستمان بە تیۆریەکانی زانای زمان (spolsky ٢٠٠٤) هەیە ، هەروەها بۆ جەختکردنەوە لە بەکارهێنانی کردەیی پلانی زمانیی پێویستمان بە تیۆری دروستکردنی بڕیار لای(Eston)هەیە. بەڵام پێش ئەم هەنگاوە واتە قۆناغی جێبەجێکردنی پلانی زمانیی ئەبێت گرفتە زمانییەکان بە گوێرەی تیۆری و گریمانە زانستییەکان پلانی بۆ دابنرێت بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان، بە پێی مۆدیلەکەی کاڵفی(louis jean calver) کاریگەری دروستکردن لە سەر زمانێك و دەستێوەردانە فۆرمی زمانێك بریتییە لە پلانی زمانی لە جۆری(corpus planning)، بەڵام کاریگەری دروستکردن لە سەر زمانەکان -چەند زمانێك، حاڵەتی جۆراجۆری زمانی بریتییە لە پلانی زمانیی لە جۆری (statua planning) (إبراهیمي،آمنة،٢٠٠٧، ٥٧-٥٨)، هەروەها بەپێی مۆدیلەکەی هۆگن زمان پێویستی بە پێواژۆی بە ستانداردکردن و مۆدێرنەکردن (standardization and modernization) هەیە، کە لە چێوەی پلانی کۆرپەی دەقدا (corpus planning) لە ناو پێڕەوی نووسیندا گرنگیی بە دروستکردن و دیاریکردنی پێواژۆی بە ستاندارکردن لە فەرهەنگ و ڕێزماندا دەدریت، هەروەها پێواژۆی بە مۆدێرنەکردن لە بواری زاراوەدا ، بەڵام لە چێوەی پڵانی زمانی -بارودۆخی زمانی (status planning) گرنگیی بە دیاریکردنی جۆراجۆرییە زمانییەکان دەدرێت (spolsky,Bernard٢٠١٨,٣٠١-٣٠٦). تاکە مۆدێلێك وەك مۆدێلی بە ستانداردکردن و مۆدێرنەکردن لای هۆگن بە تەنها ناگونجێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لە زمانی کوردیی دا ، هەروەها پێش قۆناغی چارەسەر کردن ئەبێت زمانەوان ئەرکی سەرەکیی دیاریکردنی گرفتە زمانییەکان بێت،هەروەها خستنەرووی جۆرەکانی گرفتە زمانییەکان لە زمانی کوردیی دا، بە پێی ئەم مۆدێلانەی کە خراونەتەڕوو، گرفتە زمانییەکان دابەشدەبن بۆ دوو جۆری سەرەکیی :

١-ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە درووستەی ناوەوەی زمان(گرفتە زمانییەکان لە ئاستەکانی زماندا ، لە زمانی کوردیی دا: جۆراجۆریی فەرهەنگیی ، جۆراجۆریی سینتاکسی ، جۆراجۆریی مۆرفۆلۆژی ،جۆراجۆریی ڕێنووس و دروستنووسی و جۆراجۆریی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیی....تاد).

٢-ئـەو گرفتانـەی پەیوەسـتن بـە درووسـتەی دەرەوەی زمـان (جۆراجۆریـی زمانـی : دیـاردەی فرەزمانیـی (کوردیـی و عەرەبـی و تورکـی و فارسـی و ئینگلیـزی )، جۆراجۆریـی زمانـی (فـرە دیاڵێکتـی )، ئەمانـە بـە پڵـەی یەکـەم هـۆکاری سـەرەکیی درووسـتبوونی جۆراجۆریـی دەنگییـن لـە زمانـی کوردیـی دا لـە هەمـوو ئاسـتەکانی زمانـدا)، لـە ئـەم هێڵکارییـەی خـوارەوە پێوەندیـی لـە نێـوان گرفتـە زمانییـەکان (بـە هـەردوو جۆرەکییـەوە) و گرفتـی جۆراجۆریـی دەنگیـی دەخەینـەڕوو بڕوانـە وێنـەی (١-٣):

وێنەی (١-٣) گرفتە زمانییەکان لە زمانی کوردیی دا




## ئەنجام

١-سیاسـەتی دەسـتێوەردانە فۆرمـی زمانـەکان بـە تایبەتیـی دەسـتێوەردان لـە جـۆری پێـواژۆی بـە سـتاندارکردن لـە زمانـی کوردیـی دا ، ژینگەیەکـی نایەکسـانیی زمانیـی و نادادپەروەریـی زمانیـی دروسـتئەکات ، چونکـە پێـواژۆی بـە سـتاندارکردن ئەبێـت بـە گرفـت لـە بـەردەم جۆراجۆرییـە زمانییەکانـی وەك دیـاردەی فـرە زمانیـی و فـرە دیالێکتـی .

٢-گرنگییـدان بـە سیاسـەتی زمانیـی دادپەروەریانـە، بریتییـە لـە سیاسـەتی زمانیـی فرەییانـە، چونکـە لەناوچوونـی جۆرێك لـە زمانـەکان (دیالێکتـەکان) یـان زمانێـك لـە زمانـەکان ئەبێـت بـە هـۆی سـڕینەوەی جۆراجۆریـی کەلتووریـی و نەتەوەیـی.

٣-پێوەندیـی لـە نێـوان سیاسـەتی زمانیـی و پلانـی زمانیـی پێوەندییەکـی تەواوکارانەیـە، ئـەم دوو تیۆریـە پێکـەوە گرفتـە زمانییـەکان لـە نـاو کۆمەڵـگای کوردیـی دا بەتایبەتیـی گرفتـی جۆراجۆریـی زمانیـی چارەسـەر دەکـەن، چونکـە ئامانجـی سـەرەکییان ڕێکخسـتنەوەی زمانـە لـە کۆمەڵـگادا نـەك ڕەتکردنـەوەی کەلتـووری فرەیـی لـە زمانـدا.

٤-سیاسـەتەکانی دەسـتێوەردانە فۆرمـی زمانـەکان چ بـە سـتاندارکردن یـان بـە مۆدێرنەکـردن یـان بـە فەرمیکردنـی زمانێـك و جۆرێکـی زمانێـك بێـت، هەمیشـە ئایدۆلۆژیاییەکـی تایبـەت لـە بارکگراوەنـد و پاشـخانی ئـەم سیاسـەتانە درکپێئەکرێـت. تاکـە مۆدێلێـك مافـە زمانییـەکان دەسـتەبەر نـاکات، بەڵکـو گونجاوتـرە چەنـد مۆدێلێکـی پلانـی زمانیـی لـە لایـەن پسـپۆڕانی زمانـەوە بـە کارەکـی ئەنجامبدرێـت، کـە بـە ڕێگەیـەوە دەتوانرێـت گرفتـە زمانییـەکان و جۆراجۆرییـە زمانییـەکان ڕێکبخرێنـەوە لـە زمانـدا .

٥-گرفتە زمانییەکان دابەشدەبن بۆ دوو جۆری سەرەکیی : یەکەمیان، ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە درووستەی دەرەوەی زمان (جۆراجۆریی زمانی: دیاردەی فرە زمانی (کوردیی و عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی )، جۆراجۆریی زمانی (فرە دیالێکتی )، ئەمانە بە پلەی یەکەم هۆکاری سەرەکیی درووستبوونی جۆراجۆریی دەنگین لە زمانی کوردیی دا ( لە هەموو ئاستەکانی زماندا). دووەمیان، ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە درووستەی ناوەوەی زمان(گرفتە زمانییەکان لە ئاستەکانی زماندا، لە زمانی کوردیی دا : جۆراجۆریی فەرهەنگی، جۆراجۆریی سینتاکسی، جۆراجۆریی مۆرفۆلۆژی، جۆراجۆریی ڕێنووس و دروستنووسی و جۆراجۆریی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیی.... تاد).


## الملخص

هذا البحث بالعنوان (المشكلات اللغوية المتعلقة بممارسة السياسة التدخل في اللغة)، تبين أنه رغم وجود التدخل من نوع المواضعة، أي وضع قوانين المعيارية للغة المواضعة عليها، حسب توافق بين الجماعات على الأساس المبادئ الالتزام (التماثل بين الافراد) والفردية (فوارق بين الافراد)، لايوجد اللغة المواضعة عليها نموذجية خالية من التباين والاختلافات في كافة مستويات اللغة (المعجم، التركيب،الصرف،النطق......الخ). أن مشكلات اللغوية سواء كانت خارج بنية اللغة مثل التعددية اللغوية والتعددية اللهجية، أو داخل بنية اللغة كالمشكلات المرتبطة بالمعجم اللغوي وبالاخص المشكلات المرتبطة بالنطق (علم الاصوات وعلم وظائف الاصوات) في كافة النواحي اللغوية، تفترض وضع السياسات اللغوية والتخطيطات اللغوية المتينة من قبل المختصين اللغوين، لغرض تنظيم اللغة داخل المجتمع الكوردي، وليس لفرض اللغة المعيارية النموذجية التي بدورها تفرض البيئة اللامساواة اللغوية ، ومن اجل تحقيق العدالة والمساواة اللغوية التي تفرضها بيئة التعددية الثقافية واللغوية، يمكن ممارسة وتطبيق سياسات اللغوية وتخطيطات اللغوية متعددة المجالات والنواحي اللغوية،لأجل تنظيم التعددية اللغوية داخل المجتمع وتنظيم الاختلافات النطقية في مستويات اللغة في اللغة الكوردية.



## Abstract

This research, titled (Linguistic Problems Related to the Practice of intervention policy in Language), shows that despite the existence of normative laws for the standard language, according to agreement between groups on the basis of the principles of conformity (similarity between individuals) and individualism (differences between individuals), there is no intervention like standard language that is ideal or empty Of the variation and differences in all levels of the language (lexicon, syntax, morphology, pronunciation, etc.). Linguistic problems, whether they are outside the structure of the language, such as linguistic pluralism and dialectal pluralism, or within the structure of the language, such as problems related to the linguistic lexicon, especially problems related to pronunciation (phonatic and phonology) in all linguistic aspects, assumes the development of linguistic policies and solid linguistic plans by linguistic specialists, for the purpose of organizing the language within the Kurdish community, and not to impose the standard language that in turn imposes the environment of linguistic inequality,

and in order to achieve justice and linguistic equality , linguistic policies and linguistic plans can be practiced and applied in multiple fields and linguistic aspects, in order to regulate linguistic pluralism within society and the organization of pronunciation differences in language levels in the Kurdish language.

## سەرچاوەکان

**بەکوردی(گۆڤار):**

١-مەحوی، محەمەدی -فرج، شاخەوان جلال، زمانی ستاندارد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە(٤٥)، ئابی ٢٠١٤.

٢-مەحوی، محەمەدی، جیاکردنەوەی زارێک وەک زمانی دەستووریی شێوازبەند و باڵا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە(٢٤)، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨.

به عەرەبی (کتیب):

١-ابراهيمي ،امنة , وضع اللغة العربية بالمغرب وصف ورصد تخطيط ، منشورات زاوية ، الرباط، المغرب،ط١، ٢٠٠٧.

٢-القاسي ،علي،لغة الطفل العربي ،دراسات في السياسات اللغوية وعلم النفسي ،مكتبة لبنان ،٢٠٠٩.

٣- القحطاني ، سعد ، التعريب ونظرية التخطيط اللغوي ، مركز الدراسات الوحدة العربية ، لبنان ،٢٠٠٢.

- المحمود، محمود، دراسة التخطيط الغوي في النحو العربية من خلال بحث التوجهات المباشرة وغير المباشرة : نموذج مقترح في دور اللغة العربية في عملية البناء الحضاري ، اندونيسيا، اتحاد مدرسي للغة العربية ، د ت.

- بو عرفة ، عبد القادر ،سؤال العدالة وحفريات الفهم، في العدالة والأنسان ؛اسئلة الواقع ورهانات المستقبل الجزائر،دار آل رضوان ،الجزائر ،٢٠٠٨.

-خليفة ، محمد العربي ولد،في أهمية التخطيط اللغوي ؛أهدافه ووظائفه ، منشورات المجلس الأعلى للغة العربية ،٢٠١١.

-عبد العزيز ، محمد حسن، علم اللغة الاجتماعي ، مكتبة الاداب، القاهرة ، مصر،٢٠٠٥.

-عزوز،احمد -خاين ، محمد،العدالة اللغوية في المجتمع المغاربي بين الشرعية المطلب ومخاوف التوظيف السياسوي، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت،ط١ ٢٠١٤.

- علي ،سعيد اسماعيل ،الاصول السياسية للتربية ،دار عالم الكتب ،القاهرة ،مصر،٢٠٠٣.

-غاليم، محمد، اللغة والهوية في ضوء النظرية السياسية « في اللغة والهوية في الوطن العربي « المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات , ٢٠١٣.

-فاسولد،رالف ,علم اللغة الاجتماعي للمجتمع ،ت:ابراهيم بن صالح بن محمدالفلاي،جامعة ملك سعود,النشر العلمي والمطابع،٢٠٠٠.

-كالفي ،لويس جان ، حرب اللغات والسياسات اللغوية،ت:حسن حمزة , مركز الدراسات الوحدة العربية ،ط١، ٢٠٠٨.

-كالفي ،لويس جان ، اي مستقبل للغات ؟ الاثار اللغوية للعولمة ، ت: جان ماجد جبور ، مؤسسة الفكر العربي

، بيروت,ط١، ٢٠١٨.

- كوبر ، ا .روبرت.ل، التخطيط اللغوي والتغير الاجتماعي ، ت: خليفة ابو بكر الاسود، مجلس الثقافة العام ، طرابلس، ليبيا، ٢٠٠٦.

-كولماس ،فلوريان ،دليل السوسيولسانيات،ت:خالد الأشهب ،ماجد وليد النهيبي ،مركز دراسات الوحدة العربية ,المنظمة العربية للترجمة ،ط١،بيروت،٢٠٠٩.

-مجموعة الباحثين،انتظام المعرفة اللغوية،اعداد وتنسيق :مؤيد آل صوينت،خالد خليل هويدي ،الدار العربية للعلوم ناشرون ،مكتبة عدنان ،بغداد ،٢٠١٣.

-محمد شمدين ، مراجعة كتاب العدالة اللغوية في المجتمع المغاربي بين شرعية المطلب ومخاوف التوظيف السياسوي ،مركز العربي للابحاث ودراسة السياسات ،قطر،٢٠١٤.

-ويل ،كيليمكا ، أوديسا التعددية الثقافية -سبر السياسات الدولية الجديدة في التنوع ،ت:امام عبد الفتاح امام ،عالم المعرفة ، الكويت ، ج١، ٢٠١١.

(نامەی ماستەرو دکتۆرا):

-الصيفي ، هدى ، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي ،رسالة ماجستير ،جامعة قطر،قسم اللغة العربية ،٢٠١٥.

-بكاكرة ،ربيعة ، التخطيط اللغوي ودوره في بناء المضامين التعليمية -المرحلة الابتدائية آنموذجاً،رسالة ماجستير ،كلية الأداب واللغات ،الجزائر،٢٠١٥.

- قرقور ، احلام ، اثر السياسة اللغوية في ممارسة اللغة العربية , جهود المجلس الاعلى للغة العربية في الجزائر -انموذجا ، رسالة دكتوراه , كلية الأداب واللغات ، قسم اللغة والأدب العربي , ٢٠١٨

-مجيد، حسام الدين علي،اشكالية التعددية الثقافية في الفكر السياسي المعاصر ؛جدلية الاندماج والتنوع ،سلسلة أطروحات دكتوراة ،مركز دراسات الوحدة العربية ،بيروت،٢٠٠٨.

-محمد امين، بشتيوان حمه سعيد، مرتكزات المجتمع الديمقراطي في بناء الدولة المدنية ، دراسة نقدية في الفكر الليبرالي ،رسالة دكتوراه فلسفة في العلوم السياسية ، جامعة السليمانية ، كلية العلوم السياسية , ٢٠٢١.

- هنية ،حسني ،السياسة اللغوية في المجتمع الجزائري ،دراسة تحليلية نقدية للنظام التربوي الجزائري ،رسالة دكتوراة علوم في علم الاجتماع ،جامعة محمد خيضر-بسكرة، ٢٠١٧.

(بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان) :

- الزبون ، فواز،مرئيات التخطيط اللغوي ، عرض ونقد في أعمال مجمع اللغة العربية الاردني ،عدد ٥١، ١٩٩٦.

-المسدي،عبد السلام ، لغة الطفل العربي والتحديات الراهنة , مجلة اللغة العربية ،العدد١٩، ٢٠٠٨.

-بلال ،دربال ،السياسات اللغوية فى المستعمرة ؛ الأستعمار الفرنسي أنموذجا،مجلة الدراسات اللغوية والادبية،العدد الأول،٢٠١٥.

-بلعيد ، صالح ، بحث في مصطلح (الممارسات اللغوية ) في الجزائر، مجلة الممارسات اللغوية, مخبر الممارسات اللغوية الجزائر،جامعة مولود المعمري بتيزي وزو, العدد التجريبي ، ٢٠١٠.

-بورنان ،عمر، التخطيط السياسة اللغوية،مجلة اللغة الأم ،جامعة تيزي وزو،دار هومة للطباعة والنشر, الجزائر، ٢٠٠٤.

-حناشي ،نجيم ، السياسة اللغوية في بعض الدول ومعاملتها للغات الأقليات ،مجلة اللغة الأم جامعة تيزي وزو،دار هومة للطباعة والنشر, الجزائر، ٢٠٠٥.

-حنون،مبارك،الوضع اللغوي بالمغرب في أفق العولمة ؛نحوايكولوجيا اللغوية ؛مجلة فكر ونقد العدد ٢٤،كانون الأول ،المغرب، ١٩٩٩.

-مرتاض ،عبد الجليل ،(التنمية اللغوية ) من أين تبدأ ؟ ، مجلة اللغة العربية ، العدد ٩، ٢٠٠٩.

(بەئینگلیزی):

Einar Ingraid Haugen ,Language conflict and language planning ;the case of modern Norwegain-١ .١٩٦٦,,cambridge,Havard university press

Joshua A.fashman,sociolinguistics,Abrief Introduction , newbury house language series,-٢ .١٩٧٠.rowley,mass:New bury house

Spolsky, bernard, language policy :from planning to management ,In un (intended)language planning-٣ in a globalizing world ;multiply levels of players at work ,edited by catherine siew chua et al, warsaw,de .٢٠١٨, Gruter